# ڕەهەندی سیاسی و هزری لە دەقی شانۆی کوردیدا

ستار فاروق نادر
بەشی سینەما و شانۆ - کۆلێجی هونەر – زانکۆی سەلاحەدین – عێراق
hawdeng46@gmail.com

پ.ی.د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
بەشی سینەما و شانۆ - کۆلێجی هونەر - زانکۆی سەلاحەدین – عێراق
nareman.kareem@su.ed.krd

پ.د. منصور نعمان
بەشی سینەما و شانۆ - کۆلێجی هونەر - زانکۆی سەلاحەدین - عێراق
dr.mansornuman@gmail.com

**پوختە:**

ڕەهەندی سیاسی و هزری لە دەقی شانۆی کوردیدا، ناونیشانی تێزی ماستەرەکەمە، لێکۆڵینەوەیە لە دەقەکانی شانۆی سیاسی و هزریی کوردی، هەر لە سەرەتاوە تا نمایشی شانۆی ڕاستەوخۆ وەک پردێک بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی و هزری بە گەلی کورد. بە واتایەکی تر، توێژەر بە مێژووی دەقی شانۆیی کوردی لە هەردوو ڕەهەندی سیاسی و هزریدا قووڵ بووەتەوە. شانۆ تا چ ڕادەیەک خزمەتی بە سیاسەت و بیری سیاسی کوردی کردووە؟

لەژێر ڕۆشنایی ناونیشانی توێژینەوەکەمدا، پرسیارەکان دەوروژێنرێن؛ گرنگترینیان ئەوەیە، لەچاو ئەو زۆرداریيەی گەلەکەمانی داوەتە ناو، دەقە شانۆییەکان تا چەند توانیویانە ڕۆڵی خۆیان لە بەئاگاهێنانەوەی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد بگێڕن؟

لە کاتی ئەم لێکۆڵینەوەمدا بەو بەرەنجامە گەیشتووم، کە زۆربەی دەقەکانی شانۆی کوردی باسیان لەو ئاماژە سیاسیيانە کردووە کە کاریگەرییان لەسەر خەیاڵ و هەست و حەز و بیرۆکەی بینەر هەبووە. ڕۆحی خۆڕاگریی و ئیرادەی بەرز و بوێرییان لە دەقی ئەدەبیدا خولقاندووە؛ کە زۆرجار، شیعر، حیکایەت، چیرۆکی زارەکی، وتە، پەند و داستانە مێژوویيەکان لە چوارچێوەیەکی شانۆییدا بە تەکنیکێکی بەرز، بە شێوەی دەربڕین و لە چوارچێوەی واقیعیدا کاریگەرییان دەرخستووە.

ئەدەبی خۆڕاگری لە چوارچێوەی دەقە شانۆییەکاندا، لە لایەک بنەمای هزری کوردی بە بینەری کورد دەبەخشێت و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگریی لە باڵادەستیی ئاسەواری کولتوور و زمان و گوتاری داگیرکەر و دەستەڵاتی ستەمکار دەکات و هەستی نیشتمانپەروەری و ورە و هیوا بە بینەران دەبەخشێت.

کلیلە وشەییەکان: ڕەهەندی سیاسیی، ڕەهەندی هزری، دەق، شانۆی کوردی.

## پێشەکی

هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆ بەشێوەی نابەرزەفتکراو، تاکوو نمایشکردنی شانۆ وەك پردێك بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی و هزریی گەلی کورد. واتا لە هەر دوو ڕەهەندی سیاسی و هزری، بەنێو مێژووی دەقی شانۆی کوردی شۆڕبوومەتەوە. کە ئایا شانۆ، چەند خزمەتی بواری سیاسەت و هزری سیاسیی کوردی کردووە، چۆن لەنێو دەربڕین و گوزارشتە شاراوە و ئاشکراکانی پشتیوانیی شۆڕش و چالاکییەکانی بزووتنەوەی کوردستانی کردووە. دەشێ بڵێین لە ڕوانگەی واقیعی و دونیابینیی کوردییەوە، دەق لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا ژانرێکی ئەدەبی و ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگی شانۆ بووە. شانۆ، وەك کەرەستەیەکی ئەدەبی بەرەنگاری، هەروەها وەك یەکێك لە ئامرازە سەرەکی و کاریگەرییەکانی بەرگری و پاراستنی شوناس و مێژوو و کەلتووری میللەتێك، لە ڕووی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتییەوە، ڕۆڵی کارای هەبووە. لە بەر ڕۆشنایی ناونیشانی توێژینەوەکەدا، ئەو پرسیارانە دروست دەبن، کە ئایا دەقی شانۆی کوردی لە ڕووی هزری و سیاسییەوە تا چەند توانیویەتی ڕۆڵی خۆی لە مینبەری ئەدەب و پانتایی شانۆی بەرەنگاری و بەرگریکار لە مانەوەی نەتەوەییەکەی و هۆشیارکردنەوەی بینەری کوردستانی ببینێت و تا چەند توانی ئەوەی هەبووە، بیانخاتە بەردەم مەحەکی هەڵوەستە لە بەرامبەر زوڵم و ستەمی نەتەوەی سەردەستە لە عێراقدا؟ ئەوەندەی لە میانی توێژینەوەکەدا درکی پێ کراوە، دەقەکانی شانۆی کوردی، زۆرینەیان ئاماژەی سیاسییان تێدا بووە، کاریگەرییان لە سەر خەیاڵ و هەست و دیقەت و بیری بینەر کردووە. لە دەقە ئەدەبییەکاندا، ڕۆحی شۆڕشگێڕیی، ئیرادەی بەرزی خۆڕاگریی و بوێرییان دروست کردووە. دەقەکانیش لە ئاستێکی هونەری و جوانکاریی باڵاوە، لە خەباتی چەکداری شاخ و مەدەنی شاریشدا، بینەری کوردییان دواندووە؛ لە دەقە ئەدەبییەکانیشدا زۆر جار، شیعر، حکایەت، چیرۆکی سەرزاران، وتە، پەند و بەسەرهاتی مێژوویی لە چوارچێوەی هونەریی شانۆوە بە تەکنیکێکی ڕەوانبێژیی و ئاهەنگسازی، بە بەرگێکی جوانتر و ئاهێکی تەعبیری و واقیعی ناڕاستەوخۆ پێشکەش کراون. واقیعێکی دیکەیان لە هزر و ناخ و هەڵوێستی تاکی کورددا خوڵقاندووە. ئەدەبی بەرەنگاری لە دووتوێی دەقی شانۆدا، لەلایەکەوە هزر و بیری بینەری کوردی بە هەوێنی بیری کوردایەتی زاخاو داوە و لەلایەکی دیکەوە هەوڵی داوە کاریگەریی لێشاوی هێرشی کولتوور و زمان و گوتاری نەتەوەی زاڵ و سیستەمە ئازادیکوژەکەی سەردەمی خۆی بسڕێتەوە و نەهێڵێ ئەوینی نیشتمان ڕامالێت. لەم توێژینەوەیەدا، سەرەتا لە مێژووی دەقی سیاسی و هزری شانۆ جیهانییەکان دەستمان پێ کردووە، شانۆنووسە بەناوبانگەکانی ئەم بوارەمان خستووەتە ژێر تیشکی توێژینەوەکە، دواتر بەشێوەیەکی قۆناغبەند شانۆی سیاسیی کوردییمان خستووەتە ڕوو. کوردستان، کە سەرزەمینی شەڕ و بەرەنگاری و شۆڕش و یەکلاییکردنەوەی چەندان جەنگی سەخت بووە، شانۆش وەك زادە و زمانحاڵی ئەو واقیعە بووە. کورد لە مێژوودا بە چەندان قۆناغی چەوساندنەوەدا تێپەڕبووە، هەر ئەمەش وای لێ کردووە لە ئەدەبی بەرەنگاریدا سەردەستە بێت و چەندان دیوانەشیعر و پەخشان و چیرۆك و دەقی شانۆیی لەم بارەوە بنووسێت.

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوەکە

شانۆ لەو هونەرانە هەژمار دەکرێت کە پەیوەندییەکی پتەویان بە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەیە. شانۆ، وەک یەکخەرێک و لە تۆڕێکی هاوئاهەنگدا ژمارەیەک کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و کات و زمان لەیەک قاڵبدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمەش بوار بە دەقی درامی دەدات کە ببێتە یەکێک لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی بە هۆیەوە، تاک بتوانێت گوزارشت لە هیوا و ئازار و خولیاو خەونەکانی بکات.

هونەری شانۆ لە ژیانی گەلان و بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە هۆشیاریی وپێشخستنی کۆمەڵگاکاندا بینیوە و بە بەشێک لەو نەریتانەش هەژمارکراوە کە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا

پەیڕەویـان کـردوە؛ لـەو ڕوانگەیـەوە، ئـەم هونـەرە سـەرەتا لـە سروتـە ئاینیەکانـەوە دەسـتی پـێ کـردووە و قۆنـاغ بـە قۆنـاغ پـەرەی سـەندووە تـا وای لێهاتـووە لاسـایی نەریـت و هەسـتەکانیان بکاتـەوە و دەرک بـە کێشـەکانیان بـکات و لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە ببێتـە نوێنەریـان: بـە ئاراسـتە سـیاسی و هـزری و کۆمەڵایەتیـەکان هـەروەک بەشـداری کـردووە لـە بەرجەسـتەبوون و بەرهەمهێنـانی جۆرەهـا دەق و ئاراسـتەی هەمەڕەنگـی ئـەدەبی و لەوانـەش: شـانۆی داسـتانی و کۆمەڵایـەتی و شـانۆیی سیاسـیش، کـە یەکێکـە لـە جـۆرەکانی شـانۆ تێیـدا ئەکتـەرەکان دەقێکـی نـووسراو وەردەگێـڕن کـە بـاس لـە واقیعێکـی ژیانـی سـیاسی دەکـەن بـە بەکارهێنـانی زمـان و هەڵوێسـت و ئامـاژە بـە گوێـرەی دۆخـە درامییەکـە.

لێرەدا وێنـەی دەقـە شـانۆییەکان و نوانـدنی ڕەهەنـدی سـیاسی و هـزری تەمومژاوییـە، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کەمیـی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی مامەڵەیـان لەگـەڵ ئـەم پانتاییـەدا کـردووە، لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەم دۆخـەدا، توێـژەر لـە پێنـاو بزوانـدنی بابەتەکـە و کەشـفکردنی ناڕۆشـنیەکەی ئـەم پرسـیارە لەنێـو کایـەی ئەکادیمیـدا دەوروژێنێـت : ئایـا ڕەهەنـدی سیاسی و هـزری لـە دەقـی شـانۆی کوردیـدا کامانـەن؟

بایەخی توێژینەوەکە:

بایەخـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە بەدەسـتهێنانی دۆخـی بەرهەمهێنـان و برەودانـی هۆشـیاری سـیاسی و هزریدایـە لەمیانـەی خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی دەقـەکانی شـانۆی کـوردی، هەروەهـا هەڵکشـانی هۆشـیاریی بەرەوپێشـچوون و هونـەری و ئیسـتاتیکی بـە پەرەپێـدانی چەمکـی شـانۆ لـە هەرێمـی کوردسـتانی عیراقـدا.

توێژینەوەکە سوودی دەبێت بۆ:

١-ڕەخنەگران و نوسەرانی دەقی شانۆیی.

٢-مامۆسـتا و قوتابیـانی خوێنـدنی بـاڵا لـە بـواری ئـەدەب لـە کۆلێـژەکانی هونـەر و ئادابـدا.

٣-لێکۆڵەر و توێژەرانی بواری سیاسەت و کوردۆلۆجیا.

٤-بایەخپێدەرانی ڕۆشنبیری گشتی.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دۆزینەوەی:

١-ئاستە سیاسی وهزرییەکانی دەقی شانۆی کوردی.

٢-ڕەهەندی سیاسی لەدەقی شانۆی کوردیدا.

سنوری توێژینەوەکە:

ڕ-سـنووری کات: ١٩٧٠-١٩٩٠ لەگـەڵ نموونەکـەدا کۆتایـی دێـت.

ب-سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان- عیراق.

ج-سـنووری بابەتـی: شـێوازی سـیاسی و هزرییـەکان لـە دەقـی شـانۆی کوردیـدا.

میتۆدی توێژینەوەکە:

میتـۆدی توێژینەوەکـە میتـۆدی (وەسـفی و شـیکارییە) ە، چونکـە لەگـەڵ ئامانجـی توێژینەوەکـەدا دەگونجێـت، کـە تیایـدا وەسـف دەکرێـت و نـاوەڕۆك و ڕەهەنـدی سیاسـیی و هـزری لـە دەقـی شـانۆی کوردیـدا ئاشـکرا دەکات.

پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

زمانەوانی

مێژووی زاراوەیی

ڕێکاری(ایجرائی) پێناسەی توێژەر

-ڕەهەنـد: واتـا خوێندنـەوە و لێکۆڵینـەوە لـە واقیـع یـان تێکسـت و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی بەشـە شـاراوەکان و میکانیزمەکانـی کارکـردن و خەسـڵەتەکانی دیاردەکـە، زیاتـر زمانـی بیرۆکـە و مانـای قووڵـی دەسـتەواژەکانە. ڕهەنـد، ئاراسـتەیەکە وەکـو شـەپولی ئـاو و هەتـاو بـەرزی و نزمـی و پانتایـی هەیـە کـە ڕوون و ڕووناکییـە و ئـەو مانایـەش بـاس لـە گەمـەی زمـان دەکات لـە نـاو قوڵایـی مانـا ناوەکـی و دەرەکییەکانـی ڕەگەزەکانـی دەق و ژانـرە ئەدەبییەکانـدا.

سـەرچاوە: - زاهیـر محەمـەدی، یاسـین حاجـی زادە، فەرهەنگـێ سیاسـیی ئـارەش، هەولێـر، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە

سیاسی

هزری

دەقی شانۆیی

سیاسەت:

لەکاتی گەڕان بەدوای ڕیشەی زمانی وشەی (السیاسة)دا دەبینین داتاشراوە لە (السوس: الریاسة (سەرۆکایەتیکردن)، دەگوترێت: ساسوهم سوسا، ئەگەر سەرۆکایەتیشی کردبن گوتراوە: سوسوه، و اساسوه وساس الامر سیاسة: قام بە: ئەنجامیدا. و سوسه القوم: جعلوه یسوسهم، ویقال فلان امر بنی فلان، ای كلف سیاستهم. لەفەرمودەشدا هاتووە: كان بنو اسرائیل یسوسهم انبیائهم (پێغەمبەران کاروبارەکانی بەنو ئیسرائیلیان بەڕەوە دەبرد)، واتە سەرپەرشتی کاروبارەکانیان دەکرد، وەک ئەوەی ئەمیر و والییەکان بەرامبەر ڕەعیەتەکانیان دەیکەن. والسیاسة: القیام بالشیء بما یصلحه. واتە السیاسة: کردنی شتێکە (کارێکە) بەجۆرێک کە چاکسازیی تێدا بکات. والسیاسة فعل السائس: (السیاسة)ش کرداری (السائس)ە، کە بکەرە. دەوترێت (حاو یسوس الدواب اذا قام علیها وراضها، والوالی یسوس رعیته). واتە زۆرزان گیانداران دەستەمۆ دەکات گەر کاریان لەسەر بکات و ڕازییان بکات و والی بەردەستەکانی خۆی دەستەمۆ دەکات. (ابن منظور: ٢١٤٩) ئیبن خەلدونیش سیاسەتی بەم جۆرە پێناسەکردوە کە (دواهەمین ئامانجی دەوڵەتە و بریتییە لە ڕێکخستنی سیاسی) (محمد، ١٩٨١: ١٠٠)

هزر:

هزر هاوتای فەلسەفەیە و هەردووکیان چالاکیی تیۆریین لە ئەدەبیاتدا. جیاوازیی نێوان هزر و فەلسەفەش وەک جیاوازیی نێوان بەش و گشتە، هزر گوزارشتە لە ڕوانگە و دید و بۆچوون و وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ. فەلسەفە گوزارشتە لە دیدی گشتگیرانە لەلایەنە جیاوازەکانی ژیان و بووندا و وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارانەیە کە ژیان و بوون دەیخەنە بەردەم ئەقڵی مرۆڤ. (عاصي، ١٩٧٠: ١٣٥)

هەروەها هزر هەوڵی (گەڕان بەدوای ڕواڵەتی شتەکان و کارەکاندا دەدات، لەگەڵ ڕۆچوون بە قوڵایی حەقیقەتەکەیاندا بە ئامانجی تەفسیرکردن و شیکردنەوەیان؛ بەپشتبەستن بەوەی زانراوە لە بابەت ڕاست و پێدراوەکانی زانست) (عاصي، ١٩٧٠: ١٣٤)

هەروەها هزر لە (هەڵوێستگەلێکی تایبەتدا دەردەکەوێت، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە و سەختییانەوە دەست پێدەکات لە لایەن بونەوەری زیندووەوە. ئەو کێشانەی بە ڕێکەوت توشیان دەبێت، دەست بە پێکهێنانی ئەو گریمانانە دەکات کە دەبنە ڕێبەری، دواتر ئەو گریمانانە ملکەچی سەرنج و تاقیکردنەوە دەکات، هەروەها بیرکردنەوەش کۆمەڵایەتییە بە واتای هزرێکی پێکەوەییە کە تەنیا لە هەڵوێستە دیارکراوەکاندا ڕوو نادات، چونکە تاک بەرهەمی کۆمەڵگەیە تەواو وەک ئەوەی کۆمەڵگەش بەرهەمی تاکە). (دیورانت، ١٩٧٥: ٦٢٨)

شانۆی سیاسی:

شانۆی سیاسی زاراوەیەکە گوزارشت لە بابەتێکی بەرفراوان دەکات بە ئاراستەی بابەتی هزری و هونەری لە شانۆدا و سنووردار نییە. (الیاس واخرون، ١٩٩٧ : ٢٥٨) بەو مانایەی شانۆی سیاسی سیفاتی هزری و ڕەهەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و هزریی سەردەمێکی دیارکراوی هەیە هاوڕێ بە جیهانبینیەکی دیاریکراو بۆ ژیان. هەروەها زاراوەی شانۆی سیاسی لە جیهانی خۆرئاوادا خاوەنی ئاراستەگەلێکی جودایە، گەرچی نووسەرانی شانۆ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەریی سیاسەتەوە، هەروەها دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو شانۆگەرییە مێژووییانەشەوە کە خوێندنەوەی واقیعیانەی سیاسەتی سەردەمن، هەندێک لە شانۆکاران هەوڵی گۆڕانیان لە فۆڕم و تەکنیکی نوسین و نمایش داوە، بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکانیان. (الیاس، واخرون، ١٩٩٧ : ٢٦١)

هەروەها شانۆی سیاسی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئایدۆلۆجیایەک و سیستەمێک لە خۆدەگرێت کە پاشخانێکی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی بۆ ململانێی ناو دراما پێکدێنن و ڕەوت و کۆتاییەکەی دیاری دەکەن، تەنانەت گەر ئەم ململانێیە سایکۆلۆژیش بێت بە پلەی یەکەم. (صلیحة، ١٩٨٦ :٩٧)

چوارچێوەی تیۆری

باسی یەکەم: ڕەگ و ڕیشەی شانۆ لە ڕووی سیاسی و هزرییەوە

یەکەم: لە میزۆپۆتامیادا: (وادی الرافدین)

ناکرێت باسی عیراق بکرێت و ڕاستەخۆ ئەو شارستانییە کۆنە نەیەتە زەینی مرۆڤەوە کە شارستانەتی نێوان دوو ڕووبارەکەی دیجلەو فوراتە و کۆنترین زمانی زانراوی نووسراوە - سۆمەری)، ناشکرێت بە ئاسانی و بەبێ هەڵوێستەیەکی دووردرێژ بەلای ئەدەبی بابلیدا تێپەڕین، لە کاتێکدا کە (داستانی گلگامێش) کە لە دوانزە کتێبدا نوسراوە شایەتی ئەوەن، کە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و خولیاکانی و ململانێی پێناوی ژیانی بەرجەستە کردووە. (الوثائقية: المسرح العراقي.. فن الحضارات القديمة١٧ مارس٢٠٢٠ https://doc.aljazeera.net/ الجزيرة)

دانیشتوانی دۆڵی نێوان دوو ڕووبار لە کۆنترینی ئەو گەلانەن کە ریشەکانی شانۆیان تێدا دەرکەوتوون، وڵاتی میزۆپۆتامیا هۆکارەکانی وشکەساڵی و کەمیی گژوگیا و دەگمەنیی بارانیان دەدایە پاڵ ونبوونی خواوەندانی پیت و فەڕ، ئەمەش لە چاخە کۆنەکاندا ئەفسانەی مەرگی خواوەندی لە جیهانی خوارەوەدا بۆماوەیەکی دیاریکراو لە ساڵدا، لێهاتە بەرهەم. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەوەی بەخەمناکیی بە کۆمەڵ بۆ خواوەند (تەموز-دموزی) ناسراوە. (فاضل، ١٩٨٥: ٢٠٩)

هەروەها ئەو لافاوە ساڵانەیەش کە هەڕەشەی لە ژیانی مرۆڤ دەکرد ڕەنگدانەوەی غەزەبی خواوەند بوو. ئەم گۆڕانکارییانە لە دیاردە سروشتیەکاندا پاڵیان بە مرۆڤەوە نا بۆ زیندوکردنەوەی سروتەکانی هاوسەرگیریی خواوەندانەی نێوان عەشتاری ژنە خواوەند و تەموزی خواوەند، کە بووە مایەی دەرکەوتنی درامای ساڵانە کە لاساییکردنەوەی خواوەندانە لە زەماوەندەکانیاندا. ئەم ئاهەنگانە زیادیان کرد، لەوانەش چیرۆکی ئەفراندنی بابلی کە بەدەوری ململانێ لە نێوان چاکە (الخير) بەهێنانەوەی نموونە بە مەردۆخی ژنە خواوەند و خراپە (الشر) کە تیامەی ژنە خواوەند نوێنەرایەتی کردووە و بەسەرکەوتنی خێر بەسەر شەڕدا و دوولەت بوونی تیامە و خولقاندنی ئاسمان و زەوی کۆتایی دێت. (فاضل، ١٩٨٥: ٣١٩)

هەروەها ئەوەی بەدەوری سەرکێشییە پاڵەوانبازییەکان و هەڵوێستە تراژیدییەکانی پاڵەوانەکەیدا (گلگامێش) دەسوڕێتەوە، یەکەمین پاڵەوانی تراژیدی کە مێژووی ئەدەب لە جیهاندا پێی ئاشنا بوبێت و، مۆدیلی ئەو مرۆڤەی بەبێ ماندووێتی بەدوای نهێنی ژیان و تراژیدیای بوونی مرۆڤدا وێڵە. (فاضل، ١٩٧٢: ١٧)

بەرهەمی ئەدەبی لە شارستانێتی میزۆپۆتامیادا گرنگییەکی تایبەتی لە مێژووی ئەدەبیاتی مرۆڤایەتیدا هەیە، لەبەر ئەوەی یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤمان بۆ نمایشدەکات بۆ گوزارشت لە ژیان و بەها و ماناکانی بەشێوازی خەیاڵ و هونەر. سەرەڕای ئەوەی یەکەمین هەوڵیش بوون لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤدا. جوانترین و سەرسامترینی ئەوەی پشکنەری ئەدەبی میزۆپۆتامیا بەدی دەکات بریتیە لەوەی، هاوڕێ لەگەڵ ڕۆچوونیدا بەکۆنێتیدا و ئەوەی کە پێش سەرجەم ئەدەبەکانی جیهان کەوتووە، خاوەنی ئەو سیفەتە بنەڕەتیانەشە کە ئادابی ناوداری جیهانیی جیادەکاتەوە، ئیدی لە ڕووی ستایل و ڕێبازەکانی دەربڕینەوە بێت یاخود لە لایەنی بابەت و ناوەڕۆکەوە یا دەربارەی خەیاڵ و وێنە هونەرییەکان بێت. (باقر، ٢٠٠٦:٤)

دووەم: لە دۆڵی نیل دا

شانۆ لە میسردا ڕیشەی دێرینی مێژوویی هەیە، هیرۆدۆتی مێژوونووسی گریکی ئاماژەی بەوە داوە کە کاهینە فیرعەونیەکانی میسر سروتگەلێکی ئاینییان لە نیمچە نمایشێکی شانۆییدا کردووە، کە چیرۆکەکانی لە گەڕانی ئوزوریسەوە خواستووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک، یان دەقێکی بەبەڵگە نەهێناوەتەوە، شانۆی فیرعەونی هەر بە تەمومژاوی مایەوە تا دۆزینەوەی نوێ کە کورس لە ساڵی ١٩٢٨ز و کونتر لە ١٩٣٢ز و سلیم حەسەن لە ساڵی ١٩٢٨ز دا کردوویانە، دەرکەوتووە کە دەقگەلێکی کۆنی تەمسیلی هەن، هەندێکیان چل دیمەن لەخۆدەگرن و وەک ئەوەی کورس کەشفی کردووە، هیرۆدۆتی گریکیش باسی ئەوەی کردووە کە هونەری شانۆگەرییان لە فیرعەونەکانەوە وەرگرتووە، گەرچی لای ئەمان پەرەی نەسەندووە و لە بازنە ئاینیەکە دەرنەچووە، دواتریش سیماگەلێک هەن کە هەریەک لە شانۆی گریکی و شانۆی فیرعەونیی تێدا هاوشێوەن، کە لەلایەنە ئاینەکەدا بەیەکتر دەگەن. (الدسوقي، ١٩٥٤: ١٩)

ئـەو گفتوگۆیـەی لـە نێـوان ئەخناتـون و دەسـت و پێوەندەکەیـدا ڕویـداوە بەڵگەیـە لەسـەر ڕیشـەی شـانۆ لـە دۆڵـی نێـوان دوو ڕووبـار (میزۆپۆتامیـا)دا، بـۆ نمونـە هۆڵێـک لـە کۆشـکی ئەمنحەتـەبی سـێیەمدا لـە (تیبـە)، کـە چەنـد پەنجەرەیـەک لـە لاکانی هۆڵەکـەوە هـەن، شـاژنە (تی) لەسـەر یەکێـک لـە دوو تەختەکـە دادەنیشـێت و دەسـتی لەسـەر شـانی ئەمنحەتـەب دادەنێـت کـە لـە پاڵیـدا وەسـتاوە.

شـاژن دەڵێـت: کوڕەکـەم قسـەیەکم هەیـە لەگەڵتـدا بەرلـەوەی باوکـت بێـت، ئەویـش مەسـەلەی خوازبێنـی (نفەرتیتی)یـە. کوڕەکـەم واز لـە گۆشـەگیرییەکەت بێنـە، دەسـتبەرداری مانـەوەت بـە لـە تەنیاییـدا.

ئەمنحتـەب دەڵێـت: لەیـادم دەبێـت دایـە گیـان. بـەم جـۆرە گفتوگۆیەکـی دووروردرێـژ لـە نێوانیانـدا ڕوودەدات لەسـەر شـێوەی شـانۆ (محمـود، لم یذکـر تاریـخ النـشر: ١٥-١٦) ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر بـوونی بنەمـاکانی شـانۆ لـە چاخـی فیرعەونیـدا لـە دۆڵـی نیـل.

ئەفسـانەی ئۆزیـرس و ئیزریـس و حوریـس سـەرچاوەی سروشـتیی زۆرێـک لـەو وشـانەن کـە میسرییـە ئایینیـەکان لـە میـسری کۆنـدا بەکاریـان هێنـاوە، وەک چـۆن سروشـیش بـووە بـۆ شـانۆیەک کـە نابێـت سـیفەتی شـانۆی ئایینـی بەسـەردا پیـادە بێـت، لـەو ڕوانگەیـەوە کـە خاڵیـی بـووە لـەو ڕێنماییـە ئاینیانـەی کاهینـەکان سروتەکانیـان لەگەڵـدا ئەنجـام دەدان، ئـەوەش سـەلمێنراوە کـە میـسری کـۆن بـەم شـانۆ دنیاییـە ئاشـنابووە کـە کارەکتەرانێـک لـە خەڵکـە گشـتیەکە ڕۆڵەکانیـان گێـڕاوە نـەک کەسـانێک لـە ڕیـزی کاهینـەکان، تـا سـەردەمانێکی نزیکیـش بـە گۆشـە و کنارەکانـی وڵاتـدا دەگـەڕان، بەرنامـەکانی لـە سروشی هەلومەرجەکـەو بەگوێـرەی ئـەوە پێشـکەش دەکـرا کـە جەمـاوەر دەیخواسـت، لـە بازنەیەکـی فـراوانی پێکهاتێکـی درامییانـە کـە سـنوورەکانی کـراوە بـوون، دانـەرە نەزانراوەکـەی تەنیـا هێڵـە گشـتیەکانی دادەڕێـژن و کارەکتەرەکانیـش کارەکانیـان لـە جەمـاوەر خۆیـەوە خواسـتووە. (إدوارد، ٢٠٠٣: ٨٥)

سێیەم: لە چیندا

چیـن لـە هەمـوو وڵاتانـی ئاسـیا زیاتـر لـە ئاییـن دوورە، بەشـێوەیەکی گشـتگیر لـەو بـاوەڕەدام ئـەم حەقیقەتـە تاڕادەیـەک چیـن لـە جیهـانی خۆرئـاوا نزیـک دەکاتـەوە، خواوەنـدەکانی چیـن سـەما ناکـەن، بەشـە پەرتـەوازەکانی ئـەو ئەفسـانە هیندۆسـیانەی دزەیـان کردۆتـە چیـن، هـاوڕێ بـە چیرۆکـەکانی بـوودا، بەڕادەیەکـی زۆر و بـە هـۆی زاڵبـوونی بیروبـاوەڕی کۆنفۆشـیۆسی، شـانۆ لـە دوای ئـەم وەرچەرخانـە بایەخپێدانەکـەی پـەرەی سـەند لـە چیرۆکـی کـۆنی خەیاڵییـەوە بـۆ ڕووداوی واقیعیـی و لـە ئەفسـانەی ئاینیـەوە بـۆ مێـژووی نیشـتمانیی ڕاسـتەقینەی تۆمارکـراو و لـە ئاینیشـەوە بـەرەو ئەخـلاق؛ لـەو ڕووەوە کـە خواوەنـدەکان و ڕۆحـەکان و ڕووداوە نائاسـایی و سـنوور بەزێنـەکانی سروشـت لـە ئۆپێـرای چینیـدا دەردەکـەون. بـەڵام ئـەم پرەنسـیپی وەرچەرخانـە لـە ئاسـمانەوە بـۆ زەوی و لـە خواوەنـدەوە بـۆ مـرۆڤ هـەر مـاوە، لـە خـودی خۆشـیدا دروسـتبوون و پێکهاتنـی درامـا و هێـزە کاراکـەی لەخۆدەگرێـت کـە بـە هۆیـەوە بەسـەر سـەمادا زاڵبـووە، بەهـۆی ئـەم پرنسـیپە و ئـەو بارودۆخانـەی لێـوەی بەرهـەم دێـن، لـە چیـن، شـانۆیەک گەشـەی کـرد لـە هەمـوو ئـەم ڕەگەزانـە دابـڕا، هیچـی لـێ نەمایـەوە جگـە لـە ئاماژەیەکـی کـورت بـۆ جووڵـەی سـەماکەرانە و شـانۆی نـوێ تیایانـدا پـەرەی سـەند، کـە موزیکـی لاوەکیـی خسـتە لاوە. (بـاورز، بـدون تاریـخ: ٣٠٣)

مێـژووی شـانۆ لـە چیـن دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی خانـەوادەی شـانگی سـەدەی شانزەی پێش زاییـن، دەوروبـەری ١٠٤٦ی پێـش زاییـن. تۆمـارەکانی ئێسـکەکانی ئـۆراکل ئامـاژە بـۆ سـەماکانی بـاران دەکـەن کـە شـامان دەیـکات، لـە کاتێکـدا کتێبـی بەڵگـەکان بـاس لەسـەماو گۆرانیـی شـامانی دەکات.

سـەبارەت بـە خانـەوادەی (چـوو) (دەوری ٢٥٦ی پێـش زاییـن)، بەڵگـەکان لـە (چـوو سی)یـەوە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە لەویلایـەتی (چـوو) لەسـەدەی چـوار یـان سـێی پێـش زاینیـدا، شـامانەکان موزیـک و پۆشـاکیان نمایـش دەکـرد، هەندێـک لـە زانایـان هەندێـک قەسـیدەیان لـە شیعری کلاسیکی دیـاری کـرد بـەوەی وشـەن، واتـە دەشـێت حەقیقـەت نەبـن، کـە هاوڕێـی سـەماکانی کۆشـک بـوون لـە

سـەرەتاکان یـان ناوەڕاسـتی سـەردەمی خانـەوادەی (زوو) دا. لـە سـەردەمی خانـەوادەی هـان دا (٢٠٦پ.ز-٢٢٠ز)، نمایـشی ئـەو زۆرانبازییـە گەشـەی کـرد کـە بـە (Horn Butting Show) ناوبـراوە، یەکێکیش ناودەبـرا بـە (سـەدان نمایـش) لـە ژێـر فەرمانڕەوایـی ئیمپراتـۆردا (لـە ١٤١ بـۆ ٨٧ی پێـش زاییـن فەرمانڕەوایـەتی کـردووە). لـە کاتێکـدا کـە بەگوێـرەی بۆچـوونی بەهێـز، ئەمـە وەرزشی تەماشـاوانێک بـووە. کـۆی بەڵگـە نـوسراو و شـوێنەوارییەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن ئـەو هونەرمەندانـەی کـە ڕۆڵـی جێگیریـان دەگێـڕا و بەگوێـرەی پلانێـک یەکێـک لـەو چیرۆکانەیـان ئـەدا دەکـرد، کـە زۆرانبـازەکان نواندنەوەیـان دوبـارە دەکـردەوە، جەنگەکـە لـە نێـوان پڵنـگ و جادووگەرێکـدا بـوو بەنـاوی (لـۆرد هوانـگ لەدەریـای خۆرهەڵاتـەوە). (stringfixer.com)

چوارەم: لە ئێراندا

وێناکـردنی شـانۆ و شـانۆگەری لای ئێرانیـەکان بابەتێـک نەبـووە لـە هەسـت و هزریانـەوە دوور بووبێـت، پێشـتر، لـە مێـژوودا زۆریـان لەبـارەوە زانـراوە سـەبارەت بـە دەستپێشـخەریی دیالۆگـی و دیـاردەی نیمچـە شـانۆیی، ئیـدی لەواقیعـی کۆمەڵایەتـی یـان لـە مێژووییانـەوە بێـت، مێـژووی هونـەرە شـانۆییەکان لـە ئێـران بـە پشتبەسـتن بـە زانیـاری بەردەسـت، زۆرینـەی نمایشـە ئاینیـەکان یـان کەلەپووریـەکان لەخـۆ دەگرێـت کـە ئەرکـی بەرجەسـتەکردنی ڕێنماییـە ئاینیـەکانی دەکـرد لـە پـاڵ نمایـشی میلـی کـە ڕەخنـەی بارودۆخـەکانی دەکـرد یـان بـۆ خۆشـیی و کات بەسـەربردن بـووە. نمایشـە تەقلیدیـەکان باسـیان لـە حکایـەتی میلـی و ئەفسـانە ئێرانیـەکان و سروتـە ئاینیـەکان دەکـرد، وەک: (جەژنـەکانی نـەورۆز) و (دیمەنـەکانی شـانامە) و (دیمەنـەکانی عاشـورا) و هـی تـر. (مجلـة جامعـة تشریـن للبحـوث والدراسـات العلمیـة ص٣١ - العـدد ١ ٢٠٠٩)

دواتـر وردە وردە پـەرەی سـەند و ڕووداوە سـادە و لاوەکییـەکان لەخـۆ دەگرێـت و جەختیـان لـە سـەر نموونەگەلێکـی زینـدوو لـە ژیـان و کۆمەڵگـەدا کردۆتـەوە، ئـەم هونـەرە، کـە پێشـتر پەیوەسـت بـوو بـە کۆشـک و سـەرای شـا، لـە سـەردەمی ناسرەددیـن شـای قاجـاری (١٨٤٣-١٨٩٢ز) بـەرە و ماڵـی ئـەشراف و دەوڵەمەنـدان گوازرایـەوە. دواتـر بـەرەو قاوەخانـەکان و بـەوەش شـانۆی قاوەخانـە هاتـە ئـاراوە، بەگەڕانـەوەی ئەوانـەش کـە بـۆ خوێنـدن چووبوونـە ئەوروپـا ؛ نوانـدنی شـانۆگەرییە خۆرئاواییـە وەرگێـڕدراوەکان دەسـتیان پێکـرد. شـانۆ نوێیـەکان لـە ئێرانـدا دامەزرێـنران، یەکەمینیشـیان شـانۆی قوتابخانـەی خانـەی هونـەر بـوو کـە بـە فەرمـانی ناسرەددیـن شـای قاجـاری بنیادنـرا. (گرانپـول، ١٩٥٧: ٣٢٨)

بـەر لەسـەرهەڵدانی ئاینـی ئیسـلام، چەنـد بۆنەیـەک لـە ئێرانـدا سـازکراون کـە خـاوەنی مۆرکێکـی شـانۆییانەن وەک (مەراسـیمی پرسـە)ی سـیاوشی پاڵـەوانی ئەفسـانەیی ئێـرانی، سـەبارەت بـە شـانۆکانی ئێـرانی کۆنیـش، وەک هەمیشـە لـە گۆڕەپانـە گشـتیەکاندا پیشـان دەدران، لەبـەر ئـەوەی نمایـش لـە شـوێنێکی داخـراودا سـەخت بـووە بەهـۆی لاوازیـی تەکنیکـەکانی ڕوناکییـەوە.

پێنجـەم: هاتنـە ئـارای شـانۆ لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتاندا

یەکەم: عێراق

سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی شـانۆ لـە عیراقـدا بـۆ سـەدەی نـۆزدەم و شـاری موسـڵ دەگەڕێتـەوە، لەمیـانی پێشکەشـکردنی چەنـد نمایشـێکی شـانۆییانە لـە کڵێسـا و قوتابخانـە ئاینیەکانـدا. وەک ئەکتـەر و دەرهێنـەری شـانۆ؛ د. سـامی عەبدولحەمیـد و موحسـین ئەلعـەزاوی بـاسی دەکات؛ شـانۆ لـە ڕێگـەی ئـەو قەشـانەوە گەیشـتووە کـە گەشـتیان بـۆ ئەوروپـا دەکـرد و بەکەلتـوری ئەوروپـی ئاشـنابوون و دەقگەلێکـی شـانۆییان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنـاوە کـە بـۆ زمـانی عـەرەبی وەرگێـڕدران و پێشـکەشی کڵێسـاکانیان کـردوون.

ئەزمـوونی باوکـە مـاری جۆزیـف بـە یەکەمیـن ئەزمـوونی نمایشـیی شـانۆیی لـە عیراقـدا هەژمـار دەکرێـت، ئەویـش شـانۆگەری (یوسـف الصدیـق) بـوو لـە بەغـدا و لـە سـاڵی ١٨٧٤ز دا لەلایـەن قوتابیـانی قوتابخانـەی بـاوکانی لاتیـن پێشـکەش کـراوە. جۆزیـف لـە فەرەنسییەوە وەریگێڕابـوو و لـە حەوشـەی قوتابخانەکـەدا پێشکەشـکرا، جەماوەرێکـی

زۆر ئامادەی بوون کە کەسوکاری قوتابیانیشیان لەنێودا بوو. (الربیعي، ٢٠١٧: ٣٥)

ئەزموونێکی شانۆگەریی لەسەر دەستی قەشە (حەنا حەبەش) بەدوادا هات، سێ شانۆگەریی نمایش کرد کە (نعمە اللە البجالی) نوسیبوونی، ئەوانەش بریتی بوون لە: کۆمیدیای (ئادەم و حەوا) و (یوسف الحسن) و کۆمیدیای (طوبیە)، حەبەش لە (بجالی) یەوە وەری گرتبوون و بەهەمان شێوە لە قوتابخانەی لاتین لە بەغدا پێشکەشی کردن. دوای ئەمانە بە پراکتیک ئەکتی شانۆیی دەستی کرد بە بڵاوبوونەوە، بەسەرجەم قوتابخانە مەسیحی و یەهودییەکان و دواتریش بۆ قوتابخانەکانی موسڵمانان لەسەرجەم شارەکانی عیراقدا. (الربیعي، ٢٠١٧: ٣٩)

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ز ی دژی داگیرکەری ئینگلیز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پەرەسەندنی شانۆ لە عیراقدا هەبوو، لەو ڕۆژگارەدا بزاڤێکی شانۆیی هەتا ئاراوە هاوشانی شۆڕش و لەمیانی گروپگەلێکی شانۆی لاوانەوە گوزارشتی لێ دەکرا. محمد مهدی البصیر ی شاعیر و ئەدیبیش دوو شانۆگەریی سیاسی نووسی، یەکەمیان شانۆگەریی (وفود النعمان الی کسری انو شروان) بەسروشێک لە شۆڕشی بیستەوە، البصیر، ئەو شانۆنامەیەی لە کاتی جموجوڵی شۆڕشدا نوسی، ویستی لە پشتیەوە عیراقیەکان بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین دژی داگیرکەرانی ئینگلیز هان بدات، شانۆگەرییەکە لە بەرواری ١٩٢٠/٧/٣١ لەهۆڵی سینەما ئۆلۆمبیا لە بەغدا نمایش کرا، شانۆگەرییەکەی دیکەیان (دولە الدخلاء)ە، کە دەقەکەی لە چاپخانەی (الشعب) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٢٥ز دا چاپ کرا، البصیر تێیدا ئیستیغلالکردنی داگیرکەرانی بۆ عیراقییەکان و چۆنێتی ڕزگاربوون لێیانی وێناکردبوو، هەروەها البصیر ویستبووشی عێراقیەکان بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ئینگلیز هان بدات. (الربیعي، ٢٠١٧: ٤٠)

گرووپی نواندنی نیشتمانی (الفرقة الوطنیة للتمثیل) کە (حقی الشبلی) لە ساڵی ١٩٢٧ زاینیدا دایمەزراند، ڕۆڵی هەبوو لە نمایشی شانۆگەرییە سیاسییەکاندا. سەرچاوەکان پێمان دەڵێن کە گروپەکە شانۆگەرییەکانی (وا معتصماه) و (صلاح الدین الایوبي) یان پێشکەش کردووە، هەردووکیشیان دوو ناونیشانن کە هەڵگری هەناسەیەکی نیشتمانپەروەریانەی شۆڕشگێڕانەن و بانگەواز بۆ ڕزگاربوون و تێکشکاندنی کۆلۆنیالیزم دەکەن. شانۆنوسانێکی زۆری سیاسی لە عیراقدا هەبوون، بەڵام کێشەکە لە شانۆی سیاسی لە عیراقدا ئەوەیە، کە بابەتە سیاسییەکانی چارە دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ترسی دەستەڵاتی حکوومەت، وەک شانۆگەری (الأدیب)ی نوسەر (أدمون صبري) کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بووە. هەروەها نوسەر (موسی الشابندر) کە شانۆگەری (الوحیدة) ی لە ساڵی ١٩٣٠ ز دا نووسی، تێیدا چارەی بابەتی داگیرکاری عیراق دەکات لەلایەن عوسمانیەکانەوە و چۆنێتی چەوساندنەوەی عیراقییەکان، هەروەها لە شەستەکانیشدا شانۆگەری (لتنهضوا أیها العبید)ی (نورالدین فارس)ی نوسەر هاتە ئاراوە کە دەقەکەی هانی شۆڕش دەدات.[1]

دووەم: هەرێمی کوردستان

گەلی کورد لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا وەک هەر گەلێکی دیکەی جیهان پێش زایین و دواتریش نمایشی شانۆییان، لە گۆڕەپانە گشتیەکان و پەرستگەکان و لە کاتی جێبەجێ کردنی چەند سروتێکی ئایینی عەقائیدیدا پێشکەش کردووە، گەرچی سەرەتاگەلێکی سادە بوون، بەڵام گوزارشتن لە ڕاستگۆیی سۆزو دەرکەوتنی دۆخی هەڵچوونی تێیدا. (غمبار، ٢٠١٤: ٢٢)

شانۆنووسە کوردەکان بەشێوەی سیمبوڵی چارەسەری کێشەکانیان کردووە، لە پشتیەوە بابەتی سیاسییان مەبەست بوە و ئەمەش بەشانۆی ئیسقاتی سیاسی ناودەبرێت [2].

ئیبراهیم سمۆ، ئاکادیمیست و ڕەخنەگری شانۆی

١. چاوپێکەوتنی تایبەتی توێژەر لەگەڵ د. علي الربیعي پسپۆری شانۆی عێراقی و کوردی، لە هەولێر رۆژی ٨ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢

٢. چاوپێکەوتنی تایبەتی توێژەر لەگەڵ د. علي الربیعي، هەمان رۆژ.

کوردی دەڵێت: شانۆی کوردی تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردوو، کاتێک هەندێک لە شانۆکارانی کورد هەوڵیاندا ئەفسانەگەلێکی ناسراوی کوردی بگۆڕن بۆ نمایشی شانۆیی لە نموونەی (مەمی ئالان)، هەروەها هەوڵدانی بەستنەوەی فۆلکلۆری کوردی و کەلتورەکەی بەکاری شانۆییەوە. ئەگەر نووسین بەمەرجێک بۆ کاری شانۆیی دابنێین، ئەوا مێژووی سەرەتای شانۆیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردوو، بەدیاریکراویش ساڵی ١٩١٩ز لەگەڵ سەرەتای یەکەمین دەقی شانۆیی عەبدولڕەحیم هەکاری، بەڵام ئەگەر زارەکیبوون وەک مەرجێک دابنێین، ئەوا هاوڕێی ئەم شانۆیە بووە لەسەرەتای بوونی مرۆڤی کوردەوە. (www.aljazeera.net)

یەکەمین دەقی شانۆیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩ز و لە گۆڤاری (ژین) لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە. (کاوە ئەحمەد میرزا) مێژوویی یەکەمین شانۆی کوردی کە لە سلێمانی پێشکەش کرابێت دەگەڕێنێتەوە بۆ ماوەی (ساڵی خوێندنی ١٩٢٥-١٩٢٦ز)، لە دەرهێنانی فوئاد ڕەشید بەکر، ژمارەیەک لە قوتابیانی سلێمانی نواندیان بۆ کردووە بەناونیشانی (عیلم و جەهل) دەقەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە کە بە ناونیشانی (لولا المحامی) بووە. (میرزا، ١٩٩١: ١٧- ١٨)

لە ڕاستیدا شانۆگەریی (مەمی ئالان –Memê Alan) یەکەمین شانۆگەری کوردییە، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری لە ساڵی ١٩١٩ز دا نوسیویەتی و لە دوو ژمارەی پازدەهەم و شازدەهەمی ڕۆژنامەی (ژین/ Jîn) دا بڵاوی کردۆتەوە. لەگەڵ سەرەتای سەردەمی ڕیفۆرمی عوسمانی و ئەوەی بە ڕێکخستنی عوسمانیەکان ناسراوە لە ساڵی ١٨٣٩ ز دا، ئیستەنبوڵ بە شانۆ ئاشنا بوو، کە لەو ماوەیەدا ئیبراهیم شیناسی نمایشێکی پێشکەش کرد کە بە یەکەمین شانۆگەری لە مێژووی عوسمانیدا دادەنرێت (زەماوەندی شاعیر/ Evlenmesi Şair, ١٨٦٠)، پاشان ئەزمونگەلی دیکەی شانۆگەریی بەدوادا هات، کە زۆرینەیان لەسەر شانۆکانی ئەستەمبوڵ نمایش کران.[٣]

## باسی دووەم: ڕەهەندی سیاسی و هزری لە شانۆی جیهانیدا

### پوختەیەک دەربارەی مێژووی هزری سیاسی

لەوە ناچێت هزری سیاسی لای گریک بەر لە سەدەی شەشەمی پێش زایین ڕوون و ئاشکرا بووبێت، دوو داستانەکەی ئیلیادە و ئۆدیساش تەنها ئاماژەیەکن بۆ سروشتی بیرکردنەوەی سیاسی و ئەو پلانانەی دانراون. جیهانی هۆمێری و ئەدەبیاتی هزیودی ئەخلاقی چەند ئایدیایەکی سیاسی دەخەنە ڕوو، کە تاڕادەیەک کورتن. ژیانی سیاسی لای گریک و کۆنەکان بەشێوەیەکی گشتی، بەدەوری ئەو دراوە دا خول دەخۆن کە لە جیهانی سیاسەتدا گەمەی خۆی ئەنجام دەدات. دراو بەخششی خواوەندەکانە هاوشێوەی گەنم. ئاوەدانی (الحاضرە) یەکەیەکی سیاسیە نەک تەنیا کۆبونەوەیەکی شارییانە: ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانگیرە (توشار، ١٩٨٣: ١١- ١٢)

ئەفلاتون، لەتەمەنی هەرزەکارییدا مەیلی بەلای سیستەمێکی ئەرستۆکراتیانەی لەشێوازی سپارتا هەبوو، بێگومان ڕووشی کردە سیاسەت. هەوڵیدا ئایدیا سیاسیەکانی لە سیراکوس لەساڵی (٢٨٧ و ٣٦٧)دا پیادە بکات، بەڵام سەرنەکەوت. سەرەڕای ئەم هەوڵانەش، دوای ئەوە ڕووی کردە فەلسەفە وەک دەستپێکێکی پێویست بۆ سیاسەت.

ئەسینا سوکراتی دادگای کرد، ئەفلاتونیش لە گفتوگۆکانیدا (لە کۆماردا) ئەسینای دادگایی کرد، بەوەی شاری ئەقڵ نییە، بەڵکو شاری گومان و بۆچوون و ئارەزوو و هەڵچوون و سۆزەکانە، دادپەروەریی ڕاستەقینەش نایەتە دی مەگەر فەیلەسوفان بکەونە دوای سیاسەتی شار. (فهمي، ٢٠١٧: ١٨) ئەو چیتر باوەڕی بەکاری سیاسیی ڕۆژانە لە نیشتمانەکەیدا نەما و بووە کارێکی سروشتی لای ئەو فەلسەفە کە ئاڵتەرناتیڤی سیاسەتە ئاوێتەی بیرکردنەوەی سیاسی ببێت. (توشار، ١٩٨٣: ٢٧- ٢٨)

نوسینی سیاسی لای ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢) هەوڵێک بۆ دوورکەوتنەوە لە کەوتنی شاری گریکیی دەنوێنێت، بەڵام گیانی ئەم نووسینە تەواو جیاوازە، لەبوارە هزرییەکەیدا زۆر لە ئەبستراکتیزەکردن (التجرید)ەوە دوور بوو، لە کۆی ئەو

٣. چاوپێکەوتنی تایبەتی توێژەر لەگەڵ د. علي الربیع، هەمان ڕۆژ.

تاڵیی و سەختیانە رزگار بووە کە ئەفلاتونیان خستۆتە ناو گۆشەگیرییەکی لووتبەرزانەوە. ئەو پەیوەندییانەی قەبووڵ کرد کە واقیعی ژیان دەیخواستن: ژیانی خێزانی، کارکرن بە کرێ. بایەخیشی بەسیاسەتدا هاوشێوەی بایەخدانی بە هەموو شتێکی گرنگ لەبەرئەوەی هزرێکی کۆکەرەوەیە.

کۆی هزرە سیاسییەکەشی بەدەوری دەستوورێکدا خول دەخوات کە جەخت دەکاتە سەر (چینی ناوەند)، ئەم چینەیە کە گرەنتی سەقامگیری بۆ دەوڵەت دەکات و دڵسۆز بۆ ئەو یاسایانەی دەمێنێتەوە کە لە سنوور دەرچوون دوردەکەونەوە و بۆ بەرژەوەندی ئەو بەتەنیا کارناکەن. ئەرستۆ، هەوڵی دا دەستوورە سیاسییەکەی لە نێوان پرەنسیپی دیموکراسی و پرەنسیپی ئەرستۆکراتیدا بگونجێنێت (توشار، ١٩٨٣: ٣٧- ٣٨). لە نێوان مرۆڤ و ئەو یاساو ویستانەی لەسەری دەکەون.

هزری سیاسی لای نووسەرانی شانۆ:

ڕوون و ئاشکرایە کە سیاسەت کاریگەریی خۆی لە بنیادنانی ئایدیا و چالاکیە جیاوازەکاندا هەیە، گەلێک زەحمەتە دەقگەلێکی شانۆیی هەبن داماڵراو لە پەیام و ئاراستەکردنی سیاسی و هزری و فەلسەفی، چونکە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ریشەکانی سیاسەت بەقووڵی بەهونەری شانۆدا ڕۆچوون. (عرسان، ١٩٨٧: ٢٤)

کاری شانۆی سیاسی لە خزمەتکردنی ئایدیۆلۆژییایەکی دیاریکراودا خۆی نمایش دەکات، ئەو فۆرمە شانۆییە کە حەز لە بەشداریکردن بە سەرجەم ئامرازە جۆرییەکان لە کایەی گشتی و پرسی گۆڕانکاری لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا دەکات، یان بەشێوەیەکی ڕەها مەسەلەی گۆڕرانی مرۆڤ لە ڕوانگەی بنیاتنانەوەیەکی گشتگیرانە و هەمەکیانەی مرۆڤەوە کە لە کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو بۆ چین و ڕاوەستاو لەسەر ئیستیغلالکردن، تێکشکێنراون. (کاستري، ١٩٧٣: ٨)

شانۆی سیاسی (تەنیا دیدێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕوون ناکاتەوە، بەوەدا کە کارەکەی بە پلەی یەکەم لە مشتومڕی واقیعی ڕاستەقینەدا خۆی دەنوێنێت بە پارادۆکسەکانیەوە، ئیدی واقیعی سیاسی بن یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری بەشێوەیەکی جددی و ڕاستەوخۆ؛ لەبەر ئەوەی ئەم واقیعە ڕاستەقینەیە ئەوەیە کە بەلای جەماوەری شانۆی سیاسییەوە گرنگە، بەر لە مشتومڕکردنی چەند دیدێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئایندەیی، ئەمە کاری شانۆی سیاسی دەبێت وەک چۆن ئەوە کاری شانۆی سیاسی نییە کە سۆز و هەستەکان بەرجەستە بکات). (العشري، ١٩٨٩: ١٢)

فەلسەفەی یۆنانی گوتارێکی ئەقڵانیی دەربارەی گەردوون و مرۆڤ فۆرمۆلە کرد کە لەگەڵ میتۆلۆژیا ناکۆکە و شانۆی یۆنانی، ئەم میتۆلۆژیایەی کردە کەرەستە و ماددەی بنەڕەتی خۆی و لە قاڵبێکی درامیدا دایڕشتەوە. (فهمي، ٢٠١٧: ١٣)

ئەسخیلۆس قەدەری کرد بە بابەتی شانۆگەرییەکانی، بەوەی وای لە مرۆڤ کرد ملکەچی ئەم ئایدیایە بێت، چونکە مرۆڤ لە کاتی کارەساتدا دەبەزێت و دەرچەی ڕاکردنی نابێت، ئەمەش وادەکات کاری مرۆڤەکان بەناچاری بەرە و ئامانجێکی دیاریکراو ببرێن. ئایدیایەکی دیکەش لە شانۆگەرییەکانی ئەسخیلۆسدا هەیە، کە بریتیە لە ئایدیای هەق و ڕاستی، لە هەموو چیرۆکێکیدا بینەران دەخاتە بەردەم مافێکی لەدەستچوو کە بەدوایدا دەگەڕێن، لای ئەو، ئەم مافە جێگیر نییە، بەڵکو لەلایەکەوە بۆ لایەکی دیکە دەچێت، خاوەنی مافی ڕەهاش نییە، بەڵکو ماف لە نێوان نەیاراندا بەش دەکات. مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام هەق و مافی خۆی بپارێزێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە داوای زیاتری لێ دەکرێت، کاتێکیش کە هەقەکە لەوەوە بۆ نەیارەکەی وەردەچەرخێت دوای ئەوەی لەبەردەستی خۆیدا بووە. ئەو مرۆڤەی تۆڵە بۆ خۆی دەکاتەوە هەمیشە مەیلی بەلای زیادەڕەویدایە لە وەرگرتنەوەی تۆڵەکەی، ئیدی ستەم و تاوان دەکات، کە لە هەقی یەکەمی دوری دەخەنەوە، بەم شێوەیە تا وەچەی ئەم کەسە لەناو دەچێت. (کامل. ١٩٦١ :٦٢- ٦٣)

سەبارەت بە سۆفۆکلیس، لە تراژیدیای ئەنتیگۆنادا بۆ نموونە، سەرنجی ئەمجۆرە دوالیزمە دەدەین کە لە ململانێی نێوان یاسای خواوەندی و یاسای مرۆییدا بەرجەستە بووە، سۆفۆکلیس ئەنتیگۆنای کردۆتە کارەکتەرێکی جددیی پابەند بەگوێڕایەڵیی یاسا ئاسمانییەکان، خۆ ئەگەر هەستی

بە تارمایی مردنیش کرد لە جەستە لاوازەکەی نزیک دەکەوێتەوە؛ پەیوەست دەبێت بەژیانەوە و بۆ ژیانە سروشتیەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، دەبێتەوە بە مرۆڤێک لە شێوەی ژنێکدا و لەو کاتەشدا بەزەییمان پێدا دێتەوە دوای ئەوەی بەزەییمان بە کریۆن دا دەهاتەوە. (عرسان، ١٩٨٧: ٥٦)، وا دەردەکەوێت کە ئەدەبی سۆفۆکلیس بایەخی بەسروشتی مرۆیی دەدات پتر لە بایەخدانی بە سروشتی خواوەندیانە و، ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەش کەلەودیوی سروشتن.

شکسپیر هاوشێوەی نووسەرانی چاخی ڕێنیسانس، ئەوەی لە شانۆی گریکییەوە بۆی مایەوە و بەکاری هێنا لە میکانیزمی و ستایڵی نوسین و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکاندا و ستراکچەرەکەی میراتی سەدەکانی ناوەڕاستی پەسەند دەکرد. هاوکات لە سایەی تیۆری یەکبوون و چەقبەستن لە خوددا کە کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر ئەدەبی ڕێنیسانسی ئینگلیزی هەبوو، کە لە دەقی شکسپیردا بەرجەستەیە، ئەگەر بیروباوەڕی سەدەکانی ناوەڕاست بەو شێوەیە بووبێت کە حاڵەتی یەکبوون وا هەژمار بکەن کە بەرگری لێدەکرێت لەبەر هۆیەکی لە ناکاوی وێناکردنی زەین، وەک خۆشەویستی و خەمناکی و شێتی. (موسی، ١٩٦٦: ٨٤) ڕەنگدانەوەی سیاسەت لای شکسپیر ئاشکراو ڕوونە؛ یەکێک لە لێکۆڵەرەوەکان ئاماژەی بۆ کردووە: دەتوانین ئامادەبوونی هزری میکافیللی لە زۆرێک لە دەقەکانی شکسپیردا بەدی بکەین، بە چۆنێتی بنیاتنانی کارەکتەر و گوزارشتکردن لە دەربڕینی پەیوەست بە ئەخلاق و سیاسەتەوە. ململانێ لای شکسپیر بریتیە لە ئاستی مرۆڤ و ویژدان نەک ڕاست و هەڵە، بەڵکو ململانێ لە نێوان جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی کارێکەوە دێتە بەرهەم. (رشدي، ١٩٧٥: ٦٣)

## باسی سێیەم: ڕەهەندی سیاسی و هزری لە دەقی جیهانی

### یەکەم: دەقی شانۆگەری فارسەکانی ئەسخیلۆس (Aeschylus)

ئەسخیلۆس (٥٢٥-٤٥٢پ.ز) دامەزرێنەری ڕاستەقینەی تراژیدیایە، حەفتا شانۆگەری تراژیدی نووسیوە، تەنیا حەوت شانۆگەرییان بە ئێمە گەیشتوون (R. C. Jebb, ٢٠٠٧, p. ٧٣, ٨٠.)

توێژەر دەقی شانۆگەری (فارسەکان) ی هەڵبژاردووە کە لە ساڵی ٤٧٢ پ.ز نمایشکراوە. هۆی هەڵبژاردنی دەقەکە بەتایبەت بەبێ دەقە شانۆییەکانی دیکەی ئەسخیلۆس، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پتر لەوانی تر دەقێکی سیاسی و مێژوویە، وێنای ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویی دەکات.

لەنێو دەقە شانۆییەکانی تردا کە ماون هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر ئاراستە سیاسیەکەی دەست ناکەوێت، بەڵام دەکرێت لەڕێی ڕوانین لەو کەسانەی پشتیوانیی نمایشی شانۆییەکانی بوون بگەینە دەرئەنجامێک ئاماژەبێت بۆ مەیلە سیاسییەکانی. سەبارەت بە شانۆگەریی (فارسەکان)یش، لە دەقی ئەم شانۆگەرییەدا دەردەکەوێت کە ئەسخیلۆس لە پشتیوانانی پارتی دیموکراسی بووە. (سخیلوس، ت: بدوي، ١٩٩٦: ٩)

ئەم شانۆگەرییە لە شکستی سەربازیی دەدوێت لە قاڵب و شێوەیەکی تەواو نوێدا، ئەسخیلۆس ڕادەی توانای وێناکردنی شاعیریانەی خۆی پێ دەرخستووە، کەوێنەی شکستی لەسەر زمانی شکستخواردوان خۆیان کردووە.

ئەسخیلۆس شانۆگەرییەکەی پڕ کردووە لە دیمەنی چاوەڕوانی و گریان و شیوەن و ترس لە چارەنوسی سوپای فارسەکان و پادشای فارسی ئەکسیرکسیس، فەرماندەی سوپای فارس کە ڕووی لە وڵاتی یونان کرد بۆ تێکشکاندن و بەزاندنی. ئەسخیلۆس کەوتۆتە کێشانی وێنەی مەزنیی و هێزی سوپای فارس و زۆریی کەلوپەل و هەمەڕەنگیی چەکەکانی و کارامەیی فەرماندەکان و جوامێریی سەربازەکانی. بەو وێناکردنەی هێزی سوپای فارسیش هەندێک لە ترس و بەزەیی بۆ سەر وڵاتانی یۆنان و سوپاکەی دروست کردووە کە بە مسۆگەریی هەر تێکدەشکێت. (عبدالحي، ٢٠٠٨: ١٩٢)

ئەسخیلۆس شانۆگەرییەکە بە کۆرس دەست پێدەکات، کە ڕاوێژکاریی (ئەکسیرکسیس)ی پادشای گەورەی فارس دەنوێنن، لە کاتێکدا کە وەسفی ڕادەی بەهێزی سوپاکەیان دەکەن کە ئەکیرکسیسی پادشای لاو فەرمانڕەوایەتی دەکات.

(هەموو هێزەکەی کوڕی ئاسیا بەڕێکەوتن

لەگەڵ پیاوانی گەنجیدا دەینەڕاند.

هەندێکیان سواری وڵاخی بەرزەن

ئەوانی دیکەش لەسەر کەشتین، لە کاتێکدا کە هێزی پیادە

دەبنە ڕیزی تۆکمەو پێکەوە لەکاو کە بەهێواشی ڕێگەی بەرە جەنگەکە دەبڕن).

هەمویان ڕاهێنراو و ئازاو بەتوانان لە هێنانەدی سەرکەوتن بۆ فارسەکان بەمسۆگەری، ئەکسیرکسیس لەسەرجەم شوێنەکانی زەوییەوە هێناونی، هەر یەکێک لە فەرماندەکانیشی کارامەییەکی تایبەتیان هەیە لە یەکێک لە جۆرەکانی شەڕکردندا. ڕاوێژکارانیش لە هەموو بڕگەیەکدا هەوڵی جەختکردنەوە لەسەر وروژاندنی ترس لەلایەن ئەم سوپایەوە لە دڵی خەڵکیدا دەدەن. (Cf., H. D. F. Kitto, (1962), p.185)

تێگەیشتن لە ئاریشە وەک ئامرازێکی دادپەروەریی خودایی لە گرنگترین ئەرکی (فارسەکان) دادەنرێت ئەسخیلۆس بە قووڵی بە مانای مێژوویی جەنگەکانی نێوان یۆنان و فارسدا ڕۆدەچێت: پاڵەوانێتییەکانی گەلی یۆنان لە پێناو سەربەخۆبوونیدا هەڵدەسەنگێنێت و لە جەنگدا لەگەڵ وڵاتی فارس بەیەکدادانی هەردوو سیستەمکە- هیلینی و خۆرهەڵاتی دەردەخات. ئەسخیلۆس جیاوازی نێوان ئەم سیستمانە لە سروشتی پەیکەری دەوڵەتدا دەبینێت، مەیلی سیاسیی ڕاستەقینە لە دەقی (فارسەکان)دا بە ڕوونی دەرکەوتووە. ئەسخیلۆس یەکێک لە نەیارانی شەڕکردنی هێرشەکارانەیە لە ئاسیا، کە کۆمەڵەی ئەرستۆکراتی لە ئەسینادا بانگەشەیان بۆ کردووە، بەرگرییش لە ئاشتی لەگەڵ وڵاتی فارسدا دەکات.

گەلی فارس بەبێ هیچ دوژمنکارییەک وێنا دەکات، هاوکات وەک ئەوە وێنایان دەکات کە قوربانیی ڕەفتاری هەڵەشەکارانەی (زرکسیس)ن. خوێندنەوەیەکی وروژێنەر بۆ بایەخدان بە وێنەکە: سەرکەوتنی سوپای یۆنانی و شادمانییان دەرناخات، بەڵکو بەزینی فارسەکان و خەمناکییان. کارەکتەرە تاکە کەسیەکان ڕەنگ زەرد دەردەکەون، هیچ کارەکتەرێکی سەنتەریانە لە تراژیدیاکەدا نییە. (mywordworld.ru)

ئەکتەری سەرەکی لە شانۆگەریی (فارسەکان)دا کۆرسە، لە پیاوانێکی بەساڵاچووی دڵسۆزی (ئەحشویرش)ی شاهەنشا پێک هاتوون، ئەوەش پێک دەهێنن کە دەکرێت بە ئەنجومەنی دانایان ناوبرێت، کە کاروباری ئیمپراتۆریەتی فارسیی بەڕێوەدەبەن لە کاتی نائامادەیی (ئەحشویرش) دا کە فەرمانڕەوایی هەڵمەتێکی گەورەی وشکانی و دەریایی کردووە بۆ داگیرکردنی وڵاتی یۆنان. ئەو بەساڵاچوانە لە دۆخی کۆبوونەوەی هەمیشەدا بوون لە چاوەڕوانیی هەواڵەکانی ئەو هەڵمەتە. گەرچی گەورەیی سوپا و گەلەکەشتی فارسەکانیان لەم هەڵمەتەدا دەزانی، بەڵام لە دڵەڕاوکێیەکی زۆردا دەژیان. (سخیلوس، ت: بدوي، ١٩٩٦: ١٢٨)

هەروەها ڕەهەندی سیاسیی لە شانۆگەری (فارسەکان) دا سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەردەکەوێت، کۆرسەکەش وەک ئەنجومەنی پیران کە بڕیارە سیاسیە گرنگەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت، وەک لە م دیالۆگەی خوارەوەدا روون دەبێتەوە:

(شاژن: کوڕەکەم دەیەوێت بە سوپاوە بچێتە نێو ئەم شارە؟

سەرکۆرس: گەر ئەمە ڕووبدات هەموو وڵاتی یۆنان بەستەمکار تاوانباری دەکەن.

شاژن: ئایا سوپایەکیان هەیە لە پیاوان کە ڕاهێنانی باشیان پێ کرابێت.

سەرکۆرس: لەمەش زیاتر بڵێ، سوپایەکیان هەیە کە زیانی گەورەی بە میدییەکان گەیاندووە. (سخیلوس، ت: بدوي، ١٩٩٦: ١٢٨)

دانایی شاژن بەوەدا دەردەکەوێت کە خاوەنی ئەقڵێکی سیاسی بوو لەبەر ئەوەی هەوڵی دەدا زانیاری دەربارەی یۆنانیەکان کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەی لە خەسارەتمەندی و زەلیلی تێکشکان بەدور بگرێت.

شاژن: چی تریش؟ ئایا سامانی پێویستیان لەماڵەکانیاندا هەیە؟

سەرکۆرس: کانێکی زیو، گەنجینەیەکە زەوی پاسەوانیی دەکات بۆیان.

شاژن: ئەو تیرانە لە دەستیاندا دەبینیت کە بە کەوانەکانیان دەیانهاوێژن؟

سەرکۆرس: نەخێر، بەڵکو شمشێریان پێیە کە لە کاتی تێکچڕژاندا بەکاری دەهێنن، قەڵغانیش بۆ پاراستنی قۆڵەکانیان. (سخیلوس، ت: بدوي، ١٩٩٦: ١٣٩)

ئالێرەدا ئەسخیلۆس وای لە دوژمنی ئەسینا کرد کە بەدوای زانیاریدا وێڵ بێت، ئەوەش هزرێکی ڕۆشنگەرانەیە لە دانەرێکەوە کە ویستویەتی ئەوە دەربخات کە لە ناو وڵاتی فارسدا ڕوودەدات.

شاژن: کێ فەرماندەی ئەم سوپایەیە؟

سەرکۆرس: کۆیلە نین، ڕەعیەتی هیچ کەسێکیش نین.

شاژن: کەواتە چۆن دەتوانن لەبەرامبەر داگیرکاریی دوژمندا خۆیان ڕابگرن.

سەرکۆرس: ئەوەندەی پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر سوپای داریوسدا.

شاژن: ئای ئەوە چی دەڵێیت؟ ئەمە مایەی بێزارییەکی زۆرە بۆ دڵی دایکانی ئەوانەی بۆ شەڕ دەچن.

سەرکۆرس: لەو باوەڕەدام کەمێکی تر ڕاستیەکە بەتەواوی دەزانیت. (سخیلوس، ت: بدوي، ١٩٩٦: ١٤٠)

گفتوگۆکە بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت، پەیامنێرەکەش دێتە ناو بابەتەکەوەو مشتومڕی سیاسی لە نێوان ئامادەبوانی کۆرسدا دروست دەکات.

کاتێک پەیامبەرە فارسەکە دێتە ناوەوە، وێنەی سوپای بەهێزی فارس دەڕەوێتەوە کە نابەزێنرێت، و حەقیقەتی شەڕەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، بەتایبەتیش کە ئەم پەیامبەرە شایەتحاڵی ئەوە بووە کە ڕوویداوە، ئەمەش لوتکەی ئەو تراژیدیایەیە کە ئەسخیلۆس ویستویەتی بەکێشانی وێنەی ئەو شکستەی توشی سوپای فارسی بووە وێنای بکات.

(ئەی خاکی فارس و بەندەری شۆڕشە گەورەکە

بەمجۆرە بەیەک لێدان سامانە مەزنەکەتان

وێرانکراو گوڵی فارسەکان کەوت و ڕۆیشت

ئەوە خراپە کە من یەکەم کەسم هەواڵە خراپەکان ڕادەگەیەنێت.

بەڵام بەهەمان شێوە پێویستە بەڵایەکە هەمووی ئاشکرا بکەم.

ئینجا ئەی فارسەکان، سوپاکە هەمووی بەهۆی بێگانەوە کۆتایی هات). (عبدالحي، ٢٠٠٨: ١٩٦)

ئەسخیلۆس دەربڕینی (سوپای فارسی هەمووی کۆتایی هات) پتر لە جارێک و لەسەر زمانی کەسانی جیاوازی فارس بەکاردەهێنێت، جارێک لەسەر زمانی پەیامبەرەکە، جارێکی دیکە لەسەر زمانی ڕاوێژکارانی فارسەکان، هەروەها لەسەر زمانی شاژنە ئەتوسا، جوانترین گوزارشت دەربارەی بەزینی سوپای فارس لەسەر زمانی ئەتوسایە کە لەگەڵ ڕۆحی داریوسی هاوسەری کۆچکردویدا دەدوێت، کاتێک هەواڵی پێدا کە بەزینی سوپای فارس دەکرێت لەیەک وشەدا بگێڕدرێتەوە کە بریتیە لە (شکۆی فارسەکان لەبەین چوو). (عبدالحي، ٢٠٠٨: ١٩٦)

تێبینی دەکرێت کە فەزاکانی شەڕەکە تا ناو دوژمن بەهزرێکی ڕۆشنگەر هەژمار دەکرێت، ئەسخیلۆس نەیویستووە هێزی ڕۆڵەی وڵاتەکەی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵکو وێنەی فارسەکانی کێشاوە کاتێک ملکەچی یۆنانەکان دەبن و بەمەش وای لە پاڵەوانە ڕوخاو و بەزیوەکان کردووە، وەک ئەوەی بە تایەکی دیکە هەڵوێستی یۆنانیەکان بەرزبکاتەوە، ئەم پلانە وردەش بۆ ئەسخیلۆس ئەژمار دەکرێت بەو پێیەی بەوردی مامەڵەی کردووە و ئەوەی بەهەند گرتووە کە هزر و سیاسەت پێکەوە کاردەکەن لە پێناو چەسپاندنی ئایدیۆلۆژیای هزری یۆنانی.

دووەم: سۆفۆکلیس، دەقی شانۆگەریی (ئۆدیبی پادشا):

ئەم ئەفسانەیە چیرۆکی ئەو پێشبینیە دەگێڕێتەوە کە لایۆسی پادشا لە خواوەندەکانی وەرگرت؛ سەبارەت بەوەی کە کوڕێک لە پشتی ئەو لە دایک دەبێت و کاتێک دەگاتە تەمەنی لاوی دەیکوژێت و لەگەڵ جۆکاستای دایکیدا زەماوەند دەکات. ئەمە ئەو ئایدیا سەرەکییەیە کە ئەم ئەفسانەیەی لەسەر بەندە.

یەکەمین ئایدیا کە سۆفۆکلیس دەیەوێت بیخاتەڕوو، بریتیە لە ئاوەدانکردنەوەی مرۆڤ. ئەگەر تۆ فەرمانڕەوایەکی دادپەروەرو ڕوون و شەفاف بیت لەگەڵ کۆمەڵگەکەت و خۆشت بوێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە کە مرۆڤێکی ڕاستەقینەت بنیاد ناوە، دەوڵەتێک یان ژیارێکت بنیاد ناوە، هیچ ژیار و شارستانیەتێک بەمرۆڤ

نەبێـت بنیـاد نانرێـت و هیـچ دەوڵەتێكیـش بەبـێ مـرۆڤ دروسـت نابێـت. چەنـدە لـە گەلەكەتـەوە نزیـک بیـت، بـەو ئەندازەیـە گەلەكەشـت لێـت نزیـک دەبێتـەوە، چەنـدەش تـۆ ئـەوت خۆشـبوێت ئەویـش خۆشـتی دەوێ. بـەڵام گـەر وابكەیـت مـرۆڤ لێـت دوربكەوێتـەوە و دوژمنایەتیـت بـكات و ڕقـی لێـت بێـت، یـان توندو ڕەق بیـت لەگەڵیـدا، دەمارگیـر بـۆ ئایدیـاو بۆچونەكانـت و ستەمكار بیـت، ئـەوا هیـچ شـتێكی ئـاوەدان بـەدی ناكەیـت. لـەو كاتـەدا مـرۆڤ توانـای خۆشویسـتن و گوێڕایەڵیكـردنی تـۆی نابێـت. ئەمـەش مانـای هـەژاری و تیاچوونـە، لەبـەر ئـەوە گـەر ویسـتت فەرمانڕەوایـەتی بكەیـت، دادپـەروەر بـە، خەڵكـت خۆشـبوێت، خەڵكیـش خۆشـیان دەوێیـت. (أبـو عسـلي، مجلـة جامعـة دمشـق، دمشـق، العـدد ١+ ٢، ٢٠١٤ :٥٤)

بـە بەدواداچـوونی ئایدیـاكانی سـۆفۆكلیس ئاماژە هـزری و سیاسیـەكانی شـانۆیی ئۆدیبـی پادشـا ئاشـكرا دەبـن. یەكەمیـن ئایدیـاش كـە ئـاگاداری دەبیـن لـەو دیالۆگـە گرنگەكـەی نێـوان ئۆدیـب و زوسی كاهینـی پەیوەسـت بـەو نەخۆشـیەی تـووشی تیبـە دەبێـت و ئـەوەش كـە بەسـەریدا دەهێنێـت لـە بـەڵا و كارەسـات كـە خەڵكەكـەی و ڕووەک و ئاژەڵەكانیـشی دەگرێتـەوە. دەبینیـن زوسی كاهیـن لەبـەردەم ئۆدیبی پادشـادا دەوەسـتێت و بەنـاوی خەڵكـی شـارەكەوە قسـەی لەگەڵـدا دەكات؛ داوای لـێ دەكات لـەو بـەڵاو كۆژانانـەی تییـدان ڕزگاریـان بـكات و دەڵێـت: (...ئێمـە بـۆ پێگـەی خواوەنـدەكان بـەرزت ناكەینـەوە نـە مـن و نـە ئـەو ڕۆڵانـەی لەگەڵمـدان كاتێـک بـەدەوری كۆشـكەكەتدا دەخولێینـەوە! بـەڵام بەشایسـتەترین كەسـت دەزانیـن بـۆ ئـەوەی كاتێـک كێشـە دەورمـان دەدەن پەنـات بـۆ بەریـن. شـاری كادموسـت ڕزگار كـرد و ئـەو باجـەت لەسـەر لابـردن كـە دەمانـدا بـە گۆرانیبێـژە توندوتیژەكـە. بێئـەوەی لـەوەدا هیـچ پشـتیوانیەكت بكەیـن یـان هیـچ شـتێكت لەبارەیـەوە پێبڵێیـن. وەک ئـەوەی هەمووـمان باوەڕمـان پێیـەتی، هەندێـک لـە خواوەنـدەكان یارمەتیـان دایـت و كارەكـەت بـۆ چـارە كردیـن (سـۆفوكلیس، ١٩٨١: ١٩٢)

پێداگریـی لەسـەر هـزرو سیاسـەت و بـە مەزنـی ڕوانیـن لـە ئۆدیـب بـەو پێیـەی ئـەو بـووە كـە مەتەڵەكـەی هەڵهێنـاوە هاتـە دی، لەبـەر ئـەوە (كۆرسـەكە) سـتایشی دەكـەن و بـە

پشـتیوانی ئـەو ئەزموونـە كردارییـەی پێیـدا تێپەڕبـوون زیاتـر باوەڕیـان پێدەكـرد. لەلایەكـی تـرەوە، شـتێكی دیكـەش هەیـە دەیەوێـت بیگەیەنێـت ؛ بریتیـە لـەوەی پێویسـتە مـرۆڤ ڕاوێـژ بەوانـە بـكات كـە خـاوەنی بۆچـوون و ئەزموونـن لـە ژیانـدا، بەتایبـەت لـە قەیرانـە سـەختەكاندا، چونكـە ئـەو بەتەنهـا ناتوانێـت چـارەی هیـچ یەكێـک لـە بابەتـە سـەختەكانی ژیـان بـكات، ئەمـەش لـە ئاینـی ئیسـلامدا بـە (ڕاوێـژ) نـاسراوە، كـە پرنسـیپێكی گرنگـی سیاسییە و زۆربـەی ئەنجوومەنـەكانی فەرمانڕەوایـی (پەرلەمانـەكان) لـە جیهانـدا پەیـڕەوی دەكـەن.

هەروەهـا لـە دیالۆگـی ئۆدیـب لەگـەڵ گەلەكەیـدا ئایدیـای بەرپرسـیارێتی بـەدی دەكەیـن، بەرپرسـیارێتی فەرمانـڕەوا بەرامبـەر گەلەكـەی، كـە بەرپرسـیارێتیەكەی لـە هـەر كەسێكی دیكـە گەورەتـرە، فەرمانـڕەوای سـەركەوتوو لـە دیـدی ئـەودا، ئـەو فەرمانڕەوایەیـە كـە لـە پێنـاو ئاسـوودەیی گەلەكەیـدا شـەونخوونی دەكات و ئـازار بـۆ هەمـوان دەچێژێـت و خـەم بـۆ هەمـوان دەخـوات و بەزەیـی بەرامبەریـان هەیـە (ڕۆڵەكانـم ئێـوە شایسـتەی بەزەیـی و سـۆزن. ئـەوەی داوای دەكـەن نامـۆ نییـە بـەراورد بـەوەی مـن دەیزانـم، بەڵـێ بەتـەواوی دەیناسـم. بێئاگانیـم لـەوەی هەمووتـان ئـازار دەچێـژن، بـەڵام متمانـەم پێبكـەن كـە هیـچ یەكێكیـان هێنـدەی مـن ئـازار ناچێژێـت. هـەر یەكێـک لـە ئێـوە بۆخـۆی ئـازار دەچێژێـت و ئازارەكـەی بـۆ كـەسی دیكـە ناچێـت، بـەڵام مـن ئـازار بـۆ تیبـە دەچێـژم، ئـازار بـۆ تـۆ و بۆخۆشـم دەچێـژم، كەواتـە ئێـوە بـەم قسـەیە هیـچ پیاوێكـی نوسـتوو لـە منـدا بـە ئـاگا ناهێنـن، دەزانـن مـن زۆر فرمێسـک دەڕێـژم و بیـرم لـە زۆر هـۆكار بـۆ ڕزگاربـوون كردووەتـەوە، تەنیـا یـەک هـۆ م بـەدی كـردووە كـە دوای بیركردنـەوەی دووردرێـژ دەسـتم كەوتبێـت، كـە هیـچ دوو دڵ نەبـووم لـە داواكـردنی و پەنابـردن بـۆی...) (سـۆفوكلیس، ١٩٨١: ١٩٣)، واتـە پێویسـتە یەكەمجـار پشـت بەخـۆت ببەسـتیت ئینجـا بەشـداری لەگـەڵ ئـەوانی دیكـەدا بكەیـت بـۆ دەرچـون لەسـەختیەكان و پرسیار لەوانـە بكەیـت كـە ئەزموونیـان هەیـە بـۆ چارەكـردنی كاروبـارەكانی ژیانـت. خواوەندەكانیـش بكـە بـە دوا پەناگـەت كاتێـک ڕێگـەت لەبەردەمـدا دادەخرێـت. بـەوەش سیاسـەتی ئۆدیـب لەسـەر گوێڕادێـران و ئاراسـتەكردن دامـەزراوە بـۆ دەرچـوون لـەو

کێشانەی ڕووبەڕووی گەلەکەی دەبنەوە.

کارەکتەری لایوسی پادشاش لە دەقەکەدا، کارەکتەرێکە قورسایی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی هەیە، ئەو فەرمانڕەوایەکە، کە نوێنەری دەسەڵاتی باڵایە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لەگەڵ نەریتەکانی کۆمەڵەکەیدا دەژی و بەتەواوی وابەستەیانە، ملکەچە بۆ هێزگەلی دیکە کە لە ژێر فەرمانیدا بوون، بەبێ بوونی ئیرادە و ئەقڵ و حیکمەت و مەعریفە، کاتێک کاهینەکان فەرمانیان پێکرد، فەرمانەکانی پەیڕەوکردن بەبێ دڵنیابوون و لێکۆڵینەوەو مەعریفە. بابەتەکەی تاوتوێ نەدەکرد و لەبڕیاردانیدا بیری نە دەکردەوە، بەڵکو بەتەواوی ملکەچ بوو بۆ فەرمانێک کە دەشیا ڕاست بێت یان هەڵە. ئەقڵی خۆی بەتەواوی خستبووە لاوە، ئەوەش لەو ئەفسانەیەدا دەردەکەوێت، کە پێشبینی ئەوە دەکات لە ساتی گەمە و شەراب نۆشیدا، بە بێهۆشیی، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا جووت بووە؟ بێهۆشی، یان لە دەستدانی ئەقڵ سەرچاوەی هەموو بەڵایەکە، گەر ئەقڵی لە دەست نەدایە منداڵی نەدەخستەوە. هەروەها گەر ئەقڵ میوانی بوایە منداڵێکی بێتاوانی تووشی خراپە نەدەکرد. چۆن زاتی ئەوەی کرد فەرمان بە کوشتنی جگەر گۆشەکەی، کوڕەکەی بدات؟ مەگەر نەیدەتوانی بەوردی بیر لە بابەتەکە بکاتەوە و چاوەڕێ بکات تا کوڕەکەی گەورە دەبێت و بەو جۆرەش پەروەردەی بکات کە خۆی دەیەوێت و ئارەزووی لێیەتی؟ لەم پێشبینیەش دڵنیا ببێت، ئاخۆ ڕاستە یان نا؟ منداڵەکەی دایە دەست شوانێک و ئیتر لە چارەنوس و چۆنییەتی ڕزگاربوونی لە دەست شوانەکەی نەپرسییەوە. سەبارەت بەوەی چۆن ڕزگاری بووە لێی. ئەمەش هەڵەیەکی دیکەیە کە لایوسی فەرمانڕەوا ئەنجامی داوە. جارێکی دیکەش هەڵەکانی پادشا لایوس دوبارە دەبنەوە کاتێک ئاژەڵێک هەڕەشە لە ئاسایش و ئارامیی شاری (تیبە) دەکات و ڕێنمایی دەکەن هانا بۆ پەرستگا بەرێت، ئەم خۆی دەڕوات و نوێنەری خۆی نانێرێت، وەک ئەوەی ئۆدیب کردی کاتێک فەرمانڕەوا بوو، لەڕێگەشد ڕێکەوتەکە ڕوو دەدات، لە ڕاستیدا ڕووبەڕوبونەوەی ڕاستەقینەی نێوان نەزانین و مەعریفە، لە نێوان شا لایوسی ئەقڵ لەدەست داو و سیاسەتەکەی و، نێوان ئۆدیبی تێکۆشەر بۆ مەعریفە، خاوەن ئەقڵی ئامادە، ئیدی ئەقڵ نەفامیی دەکوژێت و ڕێگریی دەکات لە درێژەدان بە نەفامییەکەی و شوێنکەوتنی ئەو فەرمانە غەیبیانەی کاهینەکان دەری دەکەن کە دوژمنی مەعریفە و ئەقڵن. (أبو عسلي، مجلة جامعة دمشق، دمشق، العدد ١+ ٢، ٢٠١٤ :٦١)

سۆفۆکلیس لەمیانی ئەم دەقەوە ویستویەتی پتر لە پەیامێک بگەیەنێت، ئەو پێی وایە ئۆدیب نوێنەری قۆناغی گواستنەوەی نێوان نەزانی و ئەقڵە (واتە گواستنەوە لەنێوان قۆناغی نەبوونی ئەقڵ و بوونی ئەقڵ)، لە نێوان هزری سادە و پشتبەستن بە هزری بنیادنراو لەسەر بنەمای لۆژیکی لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەتدا. نێوەندی هەردوو لایانە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە قۆناغێکی ترسناک لەو کۆمەڵگەیە دەنوێنێت کە تێیدا پێگەیشتووە. جەوهەری تراژیدیای ئۆدیب لە سەر بانگەوازکردن بۆ بەکارهێنانی ئەقڵ وەستاوە بەو پێیەی ئەو سەردارەیە کە بە ئاسایش و ئارامی وەسف دەکرێت. ئەو کەسەی وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێت ڕێگای دروست بگرێتە بەر بۆ دورکەوتنەوە لە هەر کێشەیەک کە توشی دەبێت. سیاسەت بەرهەمی ئەقڵ و داناییە، ئەمە ئەوەیە کە توێژەر دەیبینێت و کاتێکیش هزر پەشێو دەبێت سیاسەتیش بەهەمان ڕادە شپرز دەبێت.

سۆفۆکلیس لە میانی ئەم دەقە شانۆییەدا چارەی زۆرێک لە کەیسە سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی وئەخلاقییەکانی کردووە، سەرنجی مرۆڤی بۆ پەیوەندی فەرمانڕەوا بە گەلەکەیەوە ڕاکێشاوە، وچۆنێتی ئەم پەیوەندییە و هاوکات سەرنجمان بۆ پەیوەندی خزمەتکار لەگەڵ گەورەکەی و گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکان ڕادەکێشێت. (أبو عسلي، مجلة جامعة دمشق، دمشق، العدد ١+ ٢، ٢٠١٤ :٦٧)

(ئۆدیب: گەر خیانەتکار لە تاریکیدا بەپەلە بەرەو لام بێت، لەسەر منیش پێویستە پەلە بکەم لە بڕیاردان. بەڵام ئەگەر لەوێدا بوەستم بەبێ ئەوەی هیچ بکەم، ئەوا لێدانەکە ئامانجەکە دەپێکێت و لێدانەکەی من سەردەکات) (أبو عسلي، مجلة جامعة دمشق، دمشق،

العــدد ١+ ٢، ٢٠١٤ :٦٧). ئــا لێــرەدا ڕێبــازی بیرکردنــەوە سیاسـیەکەی بـۆ ئۆدیـپ پاڵـەوان ڕوون دەبێتـەوە، سیاسـەت دەرخسـتنی گۆڕانکارییـەکان وسـەرلەنوێ بنیادنانـەوەی گوتـاری سیاسـییە.

(کریون: کەواتە چیت دەوێت؟ ئاوارەکردنم لەوڵات؟

ئۆدیـپ: نەخێـر، بەڵکـو مردنتـم دەوێـت، نـەک دورخسـتنەوەت.

کریـون: بـەڵام لـە سـەرەتاوە هـۆی ڕق لـێ بوونـت ڕوون بکـەرەوە.

ئۆدیـپ: کەواتـە پێتوایـە تـۆ یاخیـت؟ گوێڕایەڵیکـردن ڕەتدەکەیتـەوە؟

کریـون: بەڵـێ، کاتێـک دەبینـم ئەقڵـت لـە دەسـتداوە و هۆشـت لای خـۆت نەمـاوە.

ئۆدیـپ: بۆخـۆم دەزانـم بەرژەوەندیـی مـن کامەیـە) (أبـو عسلي، مجلـة جامعـة دمشـق، دمشـق، العدد ١+ ٢، ٦٧:٢٠١٤)

سیاسـەتی ئۆدیـپ ڕوونـەو خـاڵ لەسـەر پیتـەکان دادەنێـت، باکـی بـەوەش نییـە بـۆ کـێ دەدوێـت، چونکـە بەرنامـە سیاسـیەکەی لەسـەر لۆژیکـی گـۆڕدراو بنیادنـراوە، لەبـەر ئـەوە بابەتـە لـە پێشـینەکانی خـۆی ڕێکدەخاتـەوە هـەر کـە ڕەوتی سـاتەکە گـۆڕانی بەسـەردا بێـت.

کریۆن: درک بە بەرژەوەندی منیش دەکەیت؟

ئۆدیب: سەبارەت بەوەی تۆی خیانەتکاریت.

(کریـۆن: ئـەدی ئەگـەر تـۆ بـۆ خـۆت لـە هیـچ شـتێک تێنەگەیـت؟

ئۆدیـپ: ئەمـە گرنـگ نییـە! تەنیـا ئـەوە لەسـەر گوێڕایەڵـی پادشـاکەت بکەیـت.

کریۆن: نا، کاتێک دەبێتە پادشایەکی خراپ.

ئۆدیب: (ثیبا، ثیبا).

کریـۆن: (ثیبـا) چەندێـک هـی تۆیـە ئەوەنـدەش هـی منـە). (أبـو عسـلي، مجلـة جامعـة دمشـق، دمشـق، العـدد ١+ ٢، ٢٠١٤ :٦٧)

لێـرەدا ئۆدیـپ سیاسـەتەکەی خـۆی فـەرز دەکات و دەسـتدرێژییەکەی سـەرکوت دەکات. لەبـەر ئـەوە کـۆرس دێتـە نـاوەوە.

(سەرکۆرسـەکە: ئەمیـرەکان! بوەسـتن! بـەڵام ئـا ئـەوە جۆکاسـتەیە لـە کۆشـک دێتـە دەرێ، دەبێـت ئـەو ناکۆکییـەی نێوانتـان یەکلابکاتـەوە.

جۆکاسـتە: بەدبەختـەکان بـۆ شەڕەقسـەی بێمانـا دەکـەن، شـەرم ناکـەن لـە کاتێکـدا وڵاتەکەتـان گیـرۆدەی وروژانـدنی ڕقـی ئێوەیـە). (سـوفقلیس، ت:بـدوي، ١٩٩٦: ١١٨- ١١٩)

بـەو جـۆرە وێنـای ئۆدیـپ دەکرێـت کـە کریـۆن هەوڵـی داگیرکـردنی کورسـیەکەی دەدات، ڕقـی ڕاسـتەقینە بـۆ کریـۆن دروسـت بـووە، لەبـەر ئـەوە شـەڕە قسـەی نێـوان دوو پاڵەوانەکـە بناغەکـەی بـاوەڕ نەبـوونی ئۆدیـپ و پیلاندانانـە بـۆ لای، لێـرەدا سیاسـەتی ئۆدیـپ ئاشـکرا دەبێـت کـە دەنەڕێنێـت و هەڕەشـە دەکات. پەیامبەرەکـە کۆتایـی ئۆدیـپ ئاشـکرا دەکات، ئـەو کاتـەی ڕاسـتییەکەی بـە ئۆدیـپ ڕاگەیانـد کـە کـوڕی پەروەردەکراویـەتی، دوای گەواهیـدانی شـوانەکە و دەرکەوتنـی ڕاسـتییەکە، ئۆدیـپ دەڕوخێـت و سـزای خـۆی دەدات بـە هەڵکۆڵینـی چاوەکانـی و کوێربوونـی.

سێیەم: دەقی یولیوس سیزەری شکسپیر

دەقـی شـانۆگەریی (یولیـوس سـیزەر ی شکسـپیر بـۆ یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٦٢٣ز دا بڵاوکرایـەوە (واتـە حـەوت سـاڵ دوای کۆچـی دوایـی خـۆی) لەنـاو چاپـی یەکەمـدا کـە بـە (فولیـو)[٤] ناودەبرێـت، سـەبارەت بـە بـەرواری نواندنەکـەشی بـۆ جـاری یەکـەم، ڕای بـە هێـز ئەوەیـە کـە چارەکـە سـەدەیەک پێـش بـەرواری چاپکـردنی کەوتـووە و لەمـاوەی پاییـزی سـاڵی ١٥٩٩ز دا بـووە. نمایشـەکەش لەسـەر تەختـی شـانۆی گلـۆب (Globe) بـووە لـە لەنـدەن. (شکسـبیر، ت:أمیـن، ١٩٩٤: ٥)، گرنگترینـی کارەکتـەرە شـانۆیەکانیش چـوار بـوون:

یولیـوس سـیزەر، پرۆتـس، کاسـیوس، ئەنتۆنیـۆ. شکسـپیر ڕەچـاوی ئـەوەی کـردووە لـە هـەر یەکێکیانـدا ڕەوشـتی شایسـتەی سەرسامیی و هاوسـۆزیی لەگەڵیانـدا ڕوون بکاتـەوە، لەگـەڵ زەقکردنـەوەی نەنگییـەکانی کارەکتەرەکانیشـیان لەهەمانکاتـدا.

زۆرێـک لـە ڕەخنەگـران بـۆ ئـەوە چـوون کـە وێنـەی کۆتایـی سـیزەر لـە شـانۆگەرییەکەدا مایـەی سەرسـامیی نییـە. چونکـە

٤. فۆلیۆ: کتێبی قەبارە گەورەبوون، بە جۆرێک بەرزی لاپەڕەکانی ٣٠ سانتیمەتر دەبوو.

ئـەو پیاوێکـی خۆبەگـەورەزان، زۆر بلـێ و بـەوەش ڕاهاتـووە بەخۆیـدا هەڵبدات.خولیـاکانی زۆر گـەورەن، زۆر حەزیـشی لەوەیـە دوبـارە تاجـی پادشـایەتی بخرێتـەوە سـەر، گوێـی بـە هەسـتی ئـەوانی دیکـە نـەدەداو دەیگـوت: (گـەر وەک ئێـوە بومایـە دەتوانـرا قەناعەتـم پـێ بهێنرێـت. گـەر بشـمتوانیایە پەنـا بـۆ کـەس ببـەم داوا و پاڕانـەوەی ئـەوانی دیکـەم دەهێنایـە دی. بـەڵام چەسـپاوم و لـەق و لـەرزۆک نیـم، وەک ئەسـتێرەی جەمسـەر کـە لـە جێگیریەکەیـدا هیـچ هەسـارەیەکی دیکـە نـاگات پێـی. (شکسـبیر، ت:أمیـن، ١٩٩٤: ٨ -٩)

زۆر ڕوونـە کـە خولیـاکانی سـیزەرو غـرورە سیاسـیەکەی ئاوێتـەی سـیفەتی مـەزنی و بەخـۆدا زانیـن دەبـن. وەسـفکردنی خـۆشی کـە ئامـاژەی ئـەوە بـە خوێنـەر دەگەیەنێـت کـە زۆر لـە خۆباییـە و دەبێـت بەشـێوەیەکی نـا تەقلیدیـی لەسـەر کـورسی دانیشـێت. یولیـوس سـیزەر کـە کەوتۆتـە سـەروی هەنیپـاڵ و ئەسـکەندەرەوە، یەکەمیـن کـەس بـوو کـە دەسـتی بەسـەر ڕایـن و ئۆقیانوسـدا گـرت و جزیـە (سـەرانە)شی بەسـەر ئەڵمانیـا و بەریتانیـادا سـەپاندووە و دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر ئاسیا و ئەفریقیـادا سـەپاند، ئیسـپانیا و وڵاتی (الغـال)ی داگیـر کـرد و بەسـەر (فرسـنجتوریکس) لـە ئەڵێزیـا - Alesia) دا سـەرکەوت. هەروەهـا بەسـەر فرنـاس لـە (زیـلا - Zela) داو بەسـەر بەتلیمـۆس لـە ئەسـکەندەریە و بۆمبـای لـە فرسـالدا. لەسـەرکەوتنەوە بـۆ سـەرکەوتن هەنـگاوی دەنـا هەتـا کاتـونی بـەرەو خۆکوشـتن هانـدا، جیهـانی خسـتە کۆیلایەتیـەوە. شکسـپیر دەقێکـی شـانۆیی لەبـارەوە دەنوسـێت نـەک بـۆ ئـەوەی پاڵەوانێتیەکـەی دەربخـات و سـتایشی لێهاتوویـەکانی بـکات و کار و داگیرکاریـەکانی بژمێرێـت، ئـەو لەدیـدی ئەمـدا هیـچ نییـە لەبەرامبـەر غیـرەتی نیشـتمانی و دادپـەروەری و ئـەو پاکێتییـەی بروتـوس خـاوەنی بـووە. دەقەکـە هەڵگـری نـاوی سیزەرە، بـەڵام ڕۆڵـی یەکـەم تێیـدا بـۆ پرۆتسـە، گرنگییەکـەش بـۆ ئـەو فەرمانـدە مەزنەنییـە کـە وڵاتەکانـی داگیـر کـردووە و کەوتوونەتـە ژێـر فەرمانڕەواییـەوە و نەتەوەیەکـی گێـژ کـردووە وهـەزاران سـەربازی بـۆ جەنـگ کۆکـردەوە، بەڵکـو بـۆ ئـەو هاوڵاتییـە خۆشەویسـتییە لەنـاو گەلـدا کـە بلوتارکـی مێژوونـووس لەبارەیـەوە دەڵێـت: ڕەوشـت بەرزترینـی خەڵکـی و بەهێزتریـن سـەرباز و خـاوەنی پاکتریـن ڕەوشـت و پاکژتریـن زمانـە. (أدیـان، ٢٠١٨: ٧٥)

دیارتریـن سـیفەتی پرۆتـس و بەهێزترینیـان و زاڵترینیـان بـە سـەر سـەرجەم سـیفەتەکانی دیکەیـدا بریتیـە لـە (گیـانی کۆمارییبـوون ئـەم گیانـەش لای پرۆتـس بـۆ خـۆی نیشـتمانیبوونیەتی. ئـەم نیشـتیمانبوونەش پرۆتـس بـە میـرات بـۆی ماوەتـەوە، کۆماریبـوون لـە ڕۆمـا لـە چەندیـن نـەوەوە: (گـەر وەچەکانـی (ترکویـن) یـان لەشـاری ڕۆمـا دەرنەکـرد کاتێـک نازنـاوی پادشـای لێنـرا؟ ئەمـە ئەوەیـە کـە هێشـتا پرۆتـس بـاسی نەکـردووە، ئەمەشـە کـە بـەردەوام کاسـیۆسی بیردەخاتـەوە و لەسـەر هەمـان ئـاوازی ئـەو دەیخوێنـد هەرکـە بـۆی دەرکـەوت کـە پرۆتـس دژی سـیزار هـان بـدات:

گوێـمان لـە باوپیرانمـان بـووە دەڵێـن: جارێکیـان پیاوێـک لە ڕۆما هەبـوو نـاوی پرۆتـس بـوو و پارێزگاریـی لـە کەرامـەت و شـکۆی خـۆی دەکـرد وەک ئـەوەی پادشـایەکی بـە هەیبـەت بێـت. تەنانـەت گـەر ئـەوە ناچـار بەملکەچبـوون بـۆ شـەیتانی نەفرەتکراویـشی بـکات. (شکسـبیر، ٢٠١٢: ١٧٣)

لـە ڕووی هزریـی و ناڕاسـتەوخۆ دەردەکەوێـت، کـە پرۆتـس پیاوێکـی سیاسی و نیشـتمانپەروەرە، نـەک بەهەوڵـی زۆری خـۆی، بەڵکـو بـەوەی لـە گەورەکانـەوە بـۆی بەجێماوە تـا گەیشـتووە بـەو.

کاسـیۆس خـاوەنی هەمـوو ئـەو سـیفەتانە بـوو کـە بەسـەریەکەوە کارامەیـی سیاسـەت پێـک دێنـن، ئەوەتـا سـیزەریش لـە دیمـەنی دووەم- بـەشی یەکەمـدا لەبارەیـەوە دەڵێـت: زۆر وریـا و وردبینـە، بەبیرتیژییەکـەی نهێنـی و مەبەسـتەکانی بابەتـەکان هەسـت پـێ دەکات، پاشـانیش ئـەو وەکـو تۆنییە ئەنتالیـۆس ئـەو نـە حـەزی لـە یارییـە و نەگـوێ لـە موزیکیـش دەگرێـت.

کاسـیۆس زیـرەک و بلیمـەت بـوو، زۆر وریـا و کارامـە، گرووپێکـی لـە پیلانسـازان پێـک هێنابـوو، کـە خـاوەنی فرتوفێڵـی زۆر و بەتەگبیـر بـوو، فێڵـەکانی نادیـار، بەڵگـەی بەهێـز، زمـان پاراو و قسـەزان، بەباشی بەرامبەرەکـەی بێدەنـگ دەکـرد و قسـەی پـێ دەبـڕی. گەمـەی بـە دڵ و مێشکی ئەوانە دەکـرد کـە قسـەی لەگەڵـدا دەکـردن، دەزانێـت چـۆن هـەر ئایدیـا و وەهـم و بیروباوەڕێـک بیەوێـت، بخاتـە دڵیانـەوە. مەیـل و ئارەزوویـان بـەو شـێوەیە لێبـکات کـە دەیخوازێـت.

هەروەهـا چـۆن ئـارەزوو و ویسـتەکانیان دەخاتـە ئـەو قاڵبـەوە کـە حـەزی پێیـەتی. لـە سـەروی هەمـوو ئەمانەشـەوە خـاوەنی هیممـەت و عـەزم و سـووربوون بـووە لـە سـەر بۆچـوون و کارەکانی؛ بەخێرایـی هـەڵی قۆزتۆتـەوە، زۆر وریـاو بـە ئـاگا و خۆپارێـز بـووە، بـەڵام زۆر پابەنـد نەبـووە بـە یاسای چاکەکارییـەوە، گـەر هەلێکی بەسـوود یـان تاڵانیەکـی بـۆ بەرەخسـایە گوێـی بـە پرەنسـیپە شـەریفەکان نـەدەدا و دوو دڵ نەبـوو لـە زیانگەیانـدن بـە ئەرکـەکانی فەزیڵـەت و چاکەخـوازی. نـە لـە لادان لـە مافـەکانی و پێشـێلکردنی پیرۆزیەکەشـیدا، بەهـۆی مەزنیـی ئەزمـون و مەعریفەکـەی بـە سروشـتی مـرۆڤ، زانیویـەتی خەڵکـی هەمویـان – مەگـەر بەدەگمـەن- دوورن لـە کەمـاڵ، دەکرێـت لـە خشـتە ببرێـن و ویژدانیـان بکڕدرێـت بەهـۆکاری جیـاوازی سەرنجڕاکێشـان، لـە ڕوانگـەی سیاسـییەوە، لـە سـەرجەم مشـتومڕەکانیدا لەگـەڵ پرۆتس لـە ڕوانگـەی ئەخلاقییـەوە لەسـەرهەق بـووە. (شکسـبیر، ٢٠١٢: ١٣٢)

وا دیـارە کاسـیۆس لـە دەقـی یولیـوس سیزەردا، سیاسیەکـی کارامـە و بەهێـزە، بـە وریاییەکـی تـەواوەوە تەگبیـر بـۆ کارەکانی دەکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا پابەندبـوونی بـە ڕێسـاکانی یاسـاوە لاواز بـووە، لەگـەڵ ئەوشـدا دیالۆگێکـی سـەربازی لـە نێـوان ئۆکتافیـۆس و ئەنتۆنیـۆدا هەیـە بـەم شـێوەیە:

ئۆکتافیـۆس: کەواتـە هیواکانمـان هاتوونەتـەدی ئەنتۆنیـۆ! بـە بۆچـوونی تـۆ دوژمـن بەسـەرمانیدا نـەدەدا وگـرد و بەرزاییـەکانی نەدەگـرت. بـەڵام ئەمـە ڕووی نـەدا. هێزەکـەی نزیکبوونـەوە لێـمان، بـە نیازیـش بـووە لێـرە لـە (فیلیبـی) دا هەڕەشـەمان لـێ بـکات، هەڕەشـەمان لـێ بـکات بـەر لـەوەی ناچـار بەهێرشـکردنە سـەری ببیـن.

ئەنتۆنیـۆ: خـەم مەخـۆ، مـن دەزانـم چییـان بەمێشـکدا دێـت، نهێنـی ئـەم پێشکەوتنەشـیان دەزانـم؛ حەزیـان دەکـرد لـە شـوێنێکی دیکـە بونایـە و بەختـەوەر دەبـوون پێـی. بـەڵام بۆمـان دێنـە خـوارەوە لـە دۆخێکـدا کـە ئازایەتـی دەردەخـەن و ترسـەکەیان دەشـارنەوە، وادەزانـن ئێمـە بەڕوکەشـەکەیان فریودەخۆیـن کـە هەرگیـز شـتی وا ڕوو نـادات.

(پەیامبەرەکە دێتە ناوەوە)

پەیامبـەر: ئامادەبـن فەرمانـدەکان. دوژمـن ئازایانـە دێتـە پێـش بـە باشـترین شـێوە، بەیداخـی سـووری شـەڕیشی هەڵکـردووە، وا پێدەچێـت لـە کەنـاری گێچەڵکردنـدا بـن پێمان.

ئەنتۆنیـۆ: ئۆکتافیـۆس! بـا هێزەکانـت بەهێـواش بچنـە پێـش، لای چەپـی دەشـتەکە بگـرە.

ئۆکتافیۆس: لای ڕاسـتی دەشـتەکە دەگـرم، تـۆش چەپەکـەی بگـرە.

ئەنتۆنیۆ: بۆ لەم ساتە سەختانەدا دژم دەوەستیت؟

ئۆکتافیـۆس: مـن دژایەتیـت ناکـەم، بەڵکـو ئـەوە ویسـتی خۆمـە کـە لای ڕاسـت بگـرم. (شکسـبیر، ١٩٩٤: ١١٦- ١١٧)

ئەمەیـە پێشـەکی جەنگێکـی سیاسـییە لەگـەڵ ئـەو دوژمنانـەدا کـە پاڵەوانێتـی دەخەنـەڕوو و تـرس دەشـارنەوە، شـێوازی جیـاواز بەکاردەهێنـن بـۆ زەلیلکـردنی نەیارەکەیـان، بـەڵام ئەمـە تەنیـا گومانێکـە کـە لـە سـەر زەمینـی واقیـع ڕوو نـادات بەگوێـرەی گوزارشـتەکەی ئۆکتافیـۆس.

ڕەهەندی سیاسی لە دەقی شانۆی کوردیدا

بـاسی یەکـەم: سـەرەتاکانی شـانۆی کـوردی لـە ڕەهەنـدی سیاسی و هزرییـەوە

بـەڕای توێژەرانـی بـواری شـانۆ، زۆرینـەی شـانۆ کوردییـەکان لـە مێـژووی کـۆن و نوێـدا لەسـەر سیاسـەت بەنـدن، بـۆ نمونـە ئەگـەر بـۆ ئـەو شـانۆگەرییانە بگەڕێینـەوە کـە پشـتیان بـە ئەفسـانەکان بەسـتووە، دەبینیـن هەمـووان سیاسـین؛ ئـەو کەسـەی میتۆلۆژیـا و کەلەپـوری کـوردی بخوێنێتـەوە دەبینێـت هەمـووی لەسـەر ئایدیـای ڕەخنەگرتـن و شـۆڕش و بەگەڕخسـتن وەسـتاوە، هەمیشـە لایەنێـک هەیـە شـۆڕش بەسـەر لایەنەکـەی دیکـەدا دەکات. زۆرێـک لەدەقـە شانۆییە کوردییـەکان بونیادێکـی هزرییـان هەیـە، زۆربەشـیان خـاوەنی مۆرکێکـی سیاسـین.

پەیامـی شـانۆی سـیاسی کـوردی بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆیە، ئەمـەش کاریگەرییەکـی گـەورە لای وەرگـران بەجێدێڵێـت، بـەوەدا کـە ئـەو شـانۆیەی بـاس لـە بابـەتی ناڕاستەوخۆ دەکات لـە زەینـی وەرگـردا دەمێنێتـەوە و هـەوڵ دەدات دوبـارەی بکاتـەوەو پـتر بیـری لـێ بکاتـەوە، ڕەنگـە بـە ڕێگەیەکـی ناڕاسـتەوخۆ، بەهـۆی تـرس لـە دەسـەڵات و حکوومەتیشـەوە بێـت.

یەکەم: مەمی ئالان

ڕوداوی گرنگ لەم داستانە کوردییەدا لەسەر خۆشەویستی لاوێک بنیادنراوە بەناوی (مەم)، کوڕی یەکێک لە سێ میری برا و دەسەڵاتداری کورد لەوڵاتی خۆرئاوادا، وڵاتێکە باوەڕ وایە کە خەیاڵی گێڕەرەوەکان دروستیان کردبێت وەک گوزارشتێک لە دووریی ماوە. کچەکەش (زین)، کچی میری جەزیرەی بۆتانە، لە ڕێگەی کچانی پەرییانەوە بە یەکتر گەیشتوون لە شێوەی خەوندا، هەردوکیان زۆر شەیدای یەکتر دەبن، وایکرد کوڕەکە سوور بێت لەسەر گەشتکردن بۆ جەزیرەی بۆتان بینینی خۆشەویستەکەی، لەوەشدا گوێ دایک و باوک و مامەکانیشی نەگرێت. سواری ئەسپە بۆرە تیژڕەوەکەی دەبێت، کە بە توڕی ڕاوچیانەوە بوو، هەزارو پێنجسەد لاوی نموونەیی دێنێت بەفەرمانڕەوایی (بەنگین) و پاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر، ئەسپەکە لە دەریاوە بۆ سەر وشکایی ڕادەکێشن.

بیرۆکەی سەرەکی شانۆگەرییەکە بەدەوری بەهایەکی ئەخلاقی پەروەردەییدا دەسوڕێتەوە کە لەو ئازایەتی و پاڵەوانێتیەدا خۆی نمایش دەکات کە (مەمۆ) دەینوێنێت، لە کاتێکدا کە لە خەو و بێداریدا خەون بە ڕێگاکانی بەختەوەرکردنی هاوسەرەکەی و دایکیدا دەبینێت و، هەوڵ دەدات دەوروبەری خۆی هەموویان بەختەوەر بکات.

نووسەر ئایدیاکانی ئەم شانۆگەرییەی لە حەکایەتە میللییەکانەوە خواستووە کە بە هەڵوێست و پەندو حەکایەتی دیکە دەوڵەمەندن، هەموویان لە ئایدیا سەرەکییەکەدا تواونەتەوە و بونیادێکی حیکایەت ئامێزیان لە دەقە شانۆییەکەدا پێکهێناوە.. سەرنج دەدرێت کە چیرۆکی شانۆگەرییەکە روداوی گەورەی هەمەرەنگی هێناوە کە وروژاندن و تەشویقی تێدایە بۆ ئەوەی کە لە گرێیەکەدا ڕوودەدات کە ڕوداوەکانی بە ململانێیەکی سەرنجراکێشی درامیانە بەدوای یەکتردا هاتوون.

ئەحمەدی خانی شاعیر بابەتە نەتەوەییەکەی لە ڕێگەی پێشەکییەکەی چیرۆکی مەم و زین هێناوەتە ناوەوە، فەزاکانی ڕەنگدانەوەی بێئومێدی و دڵەڕاوکێی دەرونین، جەختی کردۆتە سەر ڕۆڵی تاکی فەرمانڕەوا لە هێنانە دەرەوەی گەلی کورد لە قەیران، چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراوی بۆ ئەم ڕزگارکەرە داناوە کە لە سیفاتی فەرمانڕەوای شاری چاکەی فارابی نزیکی دەکەنەوە، چونکە بەگوێرەی خانی دەبێت بەر لە هەرشتێک بیریار بێت. ئەقڵ بزاڤێکی سیاسی بەڕێوە نابات بەڵکو سەرکردەگەلێک بەڕێوەی دەبەن کە خاوەنی چەندین توانای تەواو گونجاون بۆ بەڕێوەبردنی جەماوەرەکەیان، زۆربەی جار. ئەو سەرکردانە لە ئاقڵمەندەکان پێک نایەن، چونکە پشتبەستنیان بە ئامادەکاری لەسەر ئایدیۆلۆژیا دەبێت نەک ئەقڵ. بەدواداچونی فەیلەسوف یان بیریار لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیەکی ئەقڵی بە ئاکام دەگات. (جان دوست، ٢٠٠٦: ٥٢)

خانی لە دەسەڵاتە فەرمانڕەواکانەوە نزیک بوو، لەگەمەی فەرمانڕەوایی تێدەگەیشت و دەیزانی هێنانەدی پرۆژەکەی نایەتەدی، تەنیا لەڕێگەی فەرماندەکەیەوە نەبێت کە دەیگرێتە خۆی و، پرۆژە پێشەنگەکەی لەسەر زەمینی واقیع پراکتیک دەکات، بەڵام ئەم پرۆژەیەی لە کاتی لاوازبوونی میرنشینەکە و هاتنە ناوەوەی دەسەڵاتی عوسمانی، کە میر میرزا لەسەر کار لابرا و ئیبراهیمی مامی خراوەتە جێگەی دواتر ئەمیش لابراوە.

خانی بە دوور و درێژی ڕەخنەی لە میر زەینەدینی برای زینی خۆشەویستی مەم، گرتووە. لە میانی ئەوەشدا بۆچوونە سیاسییەکانی و تێگەیشتنی خۆی بۆ بابەتی فەرمانڕەوایی ڕوونکردۆتەوەو گوتویەتی دەستوپێوەندی خراپ ڕۆڵێکی زۆری لە خراپی فەرمانڕەوایەتیدا هەیە، چونکە ئەو دەستوپێوەندە ناگەنە شوێنە هەستەوەرەکان مەگەر بە ماستاو و دووڕوویی، لەبەر ئەوە دەبێت فەرمانڕەوا چل جار ئەوانەی داواکاری بۆ گرتنەدەستی وەزارەت و پۆستە گرنگەکان پێشکەش دەکەن بخاتە بەردەم تاقیکردنەوەوە. (جان دوست، ٢٠٠٦: ٥٢ - ٥٣)

داستانەکە لە دوو داگیرکاریی فارس دەدوێت لە سنورەکانی وڵات بە بێ چوونە ناو وردەکارییەکانەوە، مێژوو باس لەوە دەکات کە چەند جەنگێک لە نێوان میدیەکاندا (پێشینەی کوردان) ڕوویانداوە و فارسەکان شانشینی میدیایان لەساڵی (٥٥٠ پ.ز) لە دەستدا. ڕاپەڕینی

میدیەکان لە پاش ڕووخانیان بەرامبەر فارسەکان بەردەوام بوون. ڕەنگە گرنگترینیشیان دوو ڕاپەڕین بووبن، یەکەمیان بەفەرمانڕەوایی غائووماتای فەرماندەی میدی لە ساڵی (٥٥٢ پ.ز)، کە فەرمانڕەوایی میدیی گەڕاندەوە و خۆی کردە پاشا، بەڵام دەسەڵاتەکەی حەوت مانگ زیاتری نەخایاند. دووەمیشیان بە فەرمانڕەوایی فەرماندەیەکی دیکەی میدی کە فرائووتە، کە سەر بە خانەوادەی دیاکۆی پادشای میدییە کە دامەزرێنەری شانشینی میدییە، بەڵام لە یەکێک لە جەنگەکان لەگەڵ ئەخمینیەکاندا بەدیل گیراو و کەوتە دەستی هێزەکانی پادشای فارس (دارا)ی یەکەم، کە دڕندانە لەتوپەتی کردووە، لوت و گوێی و زمانی دەبڕێت و چاوەکانی هەڵدەکۆڵێت و لە دەروازەکانی دەرەوەدا هەڵیدەواسێت و دوو یاریدەدەرەکەشی دەسوتێنێت. (الخلیل، ٢٠١١: ١٢٦ - ١٣٢)

ئەم پێشەنگە هزرییانە بەر بەربەستی زۆر دەکەون، وەک بەربەستی هزریی ناوەکی کە کارەکتەری مەم گوزارشتی لێدەکات بەملکەچبوونی بۆ هێزە نادیارەکان، هەیانە کۆمەڵایەتیشە، کە لەو جەوروجەفایەدا دەردەکەوێت کە لە نێوان کوڕە مامەکانی خانەوادەی فەرمانڕەوادا خۆی نمایش دەکات، هەشیانە دەرەکییە، کە لە تەماعی دوژمندا خۆی دەنوێنێت.

ئەم دیمەنەی داستانەکە یەکێک لە سیما جەوهەرییەکانی کارەکتەری کوردی دەنوێنێت، کە بریتییە لە ملکەچبوونی کورد بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی، ڕەنگە ئەم بابەتە لە گرنگترین هۆکارەکانی نەگەیشتنیان بوو بێت بە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆیان. لەوانەشە ئەمە لە ڕێگەی بوونی سوڵتانێکەوە لە داستانەکەدا ڕوون ببێتەوە کە (مەمی ئالان) ە، دەستی بۆ یەکێک لە میرەکانی درێژ دەکات، کە میر (زەینەدین) میری جەزیرەیە و دەیەوێت خزمایەتی بکات لە ڕێگەی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خوشکەکەی، بەڵام میر ئەم ژن و ژنخوازییە ڕەتدەکاتەوە. دەشێت خەیاڵی میللی بۆ ئەم بابەتە چووبێت، بۆ دورکەوتنەوەی کورد لە دەسەڵاتی مەرکەزی، گوزارشتی لەم گەشە ئابووری و بازرگانییە لە جەزیرەی بۆتاندا کردووە بە پێشکەوتنێکی هزریشەوە. لەو ڕووەوە کە ئەم گەشەکردنە ناتوانرێت بهێنرێتەدی لەسایەی دۆگمابوونی هزرییدا. بەراوردێکی خێرایی نێوان هەڵوێستەکانی (مەم) و هەڵوێستەکانی (حەسەن)، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە وەرچەرخانێکی هزریی لە ئارادایەو سەرەتاکانی لە ئاسۆوە دەرکەوتون با بەکزییش بێت.

(مەم) وەک کارەکتەرێک دەرکەوتووە کە هێزی پەنهانی نەبیناو کۆنترۆڵی دەکەن، هەرچی لە داستانەکەدا لەگەڵیدا ڕوویداوەو بۆ ئەو ڕوویداوە، بەهاوکاری خدر(ی زیندە) و جنۆکە و هێزی جادو و بووە، دەبینین تەواو ملکەچی ئەو هێزانە دەبێت، کە لە کۆتایی داستانەکەدا چارەنووسەکەیان بۆ دیاری کردووە. لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە قسەکانی (حەسەن) قسەو باسی مرۆڤێکی هۆشیارن، لە کارەکتەرێکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بە زمانی سەردەمە گەشاوەکان دەدوێت، (ئەو هەست بە بەهێزی مرۆڤ و هێزی ورەی دەکات، ئەو بونەوەرێکی ئازادە، بەملکەچیی بۆ کۆیلایەتی ڕازی نابێت، پشتگیریی میرەکەی دەکات لە پاراستنی نیشتماندا، بێ دوودڵیش هێرش دەکاتە سەر دوژمن، کاتێکیش میر لا دەدات، لێی یاخی دەبێت و بیر لە کوشتنی دەکاتەوە. عاشقی بەها مرۆییە باڵاکانە، خودی ڕاستگۆیی خۆیەتی، خانەدانی و مەردایەتی و جوامێری و وەفاکردن بە پەیمانەوە و ئازایەتی. بەها کوردییە نموونەییەکان لە هەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە، حەزی بە قوربانیدانە لە پێناو ئەوانی دیکەدا. لەوەشدا هزری ئایینی کوردی دێنێتەوە بیرمان کە لە ئاینی ئێزیدیدا خۆی نمایش دەکات. لە هەموو ئەمانەشدا، ڕەسەنایەتی کوردی لە خولیایدا بۆ هاوچەرخێتی دەنوێنێت. سەیریش نییە، ناوکی نوێ لە کاکڵی کۆنەوە دەست بەگەشە دەکات. بەم شێوەیە ئایا شانۆی میللی ئەو ئاوێنەیە نییە کە بارودۆخ و هیواکانی گەلی تێدا دەبینرێت؟ (www.syrianwa.net)

ساڵێکی تەواو بەسەر مەمۆدا گوزەری کرد کە ئەو هێشتا لە زینداندا بوو، هاوڕێی کڵۆڵیەکەشی هێشتا هەر لە خەم و دەردی دەرونی و جەستەیی خۆیدا بوو. هاوڕێکانیشیان ئەو خەم و خەفەتەیان لە پێناویاندا نەدەڕەویەوە، بەتایبەتیش تاجەدین و ستێ، مەمۆ خەیاڵی ئەوی بەرنەدەدا لە کاتێکدا کە لە تەنیاییدا بوو، دژی ئەو کۆتاییە بوو و ئازارەکەی دەچەشت دادوەری بڕیاری بەسەردا داوە دوای ئەو هەموو بێبەشی و بەدبەختییە

هێشـتا هـەر ئـازاری دۆخـی زینـی خوشـکی دەچەشـت کـە تەندروسـتی تێکچـوو بـوو و بەدبەختـی و ئـازار زاڵبـوو بەسـەریدا، تەنانـەت کـە چاکیش بـووەوە و هەمـوو دیاردەکانی شـادی و خۆشـبەختی بـە لەبـەردڵ گـران بـوو کـە زەمانـە پێـی دابـوو، دوای ئـەوەی خوشـکەکەی لـە هەمـوو ئەوانـە بێبـەش بـوو و ئـەم نەگبەتیـە تاڵـەی بەسـەردا هـات. کـۆی هـەوڵ و کۆشـشی ئـەو هاوڕێیانـە بـۆ ئازادکـردنی مەمـۆ و لێبـوردن لێـی بـە بێئومێـدی کۆتاییـان هـات. کـەس نەیدەتـوانی بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان سـۆزی میـر و بەزەییەکـەی بـۆی ببزوێنێـت.

لــە شــەوێکی بێدەنگــی هێمنــدا.. هــاوەڵانی مەمــۆ هەموویـان لـەماڵـی تاجەدینـدا کۆبونـەوە، ئـەو خانـووەی ئـەوەی بـۆی بڕوانێـت دەزانێـت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان کۆشـک بـووە.. ڕاوێـژو تەگبیـر دەکـەن بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی یەکلاکـەرەوە بـۆ ئـەم مەسـەلە خەمناکییـان گەیشـتبووە ئەوپـەڕی، خۆڕاگرییـان تـا دوا قۆنـاغ ڕۆیشـتبوو. هەندێکیـان پێیـان وابـوو هەمـوان لەگـەڵ بەرەبەیـانی ڕۆژی دواتـردا بـۆ بابەتەکـە بـۆ دواجـار دەربچـن. (البوطـي، ١٩٨٢: ٩٠)

وەک زانــراوە خانووەکــەی تاجەدیــن پەرلەمانێکــی بچکۆلـە بـووەو مشـتومڕی بیـروڕا و ئایدیـاکانی بـۆ چـارەی کێشـەکان تێـدا دەکـرا، بەتایبەتیـش ئـەم کێشـەیەی هەمـوان سـەرقاڵبوون پێـی. هـەر بڕیارێـک لـەم لایەنـەوە دەربچوایـە بێگومـان جێبەجـێ دەکـرا.

دووەم: خەجێ و سیامەند

سـیامەندو خەجـێ لـە چیرۆکـە ناودارەکانـە و کـورد سـەدان ساڵە دەیگێڕێتـەوە، ئـەم چیرۆکـە لـە بنەڕەتـدا بـاسی ئـەو خۆشەویسـتییە دەکات کـە لـە نێـوان خـەج و سـیامەندا بـووە و لـە شـیوی مەرگـدا کۆتاییهاتـووە لـە نزیـک دامێنـی چیـای سـیپان، خۆرهـەڵاتی تورکیـای ئەمـڕۆ.

سیامەند لاوێکی بێباوکی ئازایە، بەزبری ژیان ڕاهاتووە، حـەزی لـە ڕاو و سەرکێشـییە، ڕۆژێـک بڕیـاری گەشـتکردن دەدات بـۆ ئـەوەی قـەدەر بـۆ خێڵێکـی بەرێـت کـە وەک میـوان لایـان مایـەوە لـە ماڵـی خەجێـدا، کـە لـە یەکـەم نیـگاوە عاشـقی بـوو.

خەجـێ کچێکـی جوانـە، تاقانـەی حـەوت بـرای تـووڕە و بەوەجـە، مارەبـڕاوی کـوڕی سـەرۆکی ئـەو عەشـیرەتەیە کـە ئینتیـمای بـۆی هەیـە، لەسـەرەتای بینینیـەوە دڵـی مەیـلی بـەلای سـیامەندا هەبـووە و بڕیـاری داوە کـە ئـەو پیاوەیـە خۆشـیدەوێت و دەیەوێـت شـووی پـێ بـکات.

وەک زانـراوە سـیامەند زانیویـەتی کـە هاوسـەرگیرییەکەی لەگـەڵ خەجـێ دا لەلایـەن عەشـیرەتەکەیەوە ڕەتکراوەیـە، دەبێـت پەنـا بباتـە بـەر هاوڕێـکانی، کـە دەرچـوو بـۆ گـەڕان لێیـان لـە ناوجەرگـەی دارسـتانەکان و شـوێنەکانی ڕاووشـکاردا، بـەڵام لـە ڕێـگادا بـوو بـە میـوانی کۆمەڵـە قەرەجێـک، کـە برنـج و گۆشـتیان دایـە لەسـەر شـەرەفی زەماوەنـدی خەجـێ لـە کـوڕی سـەرۆکی عەشـیرەتەکە.

توێـژەر پێیوایـە ئـەم چیرۆکـە زۆرێـک لـە چەمکـی هـزری و سیاسیی ناڕاستەوخۆ لەهەنـاوی خۆیـدا هەڵدەگرێـت.

ڕۆژگار تێپـەڕی و خەجـێ و مێردەکـەی کوڕێکـی وەک مانگیـان بـوو ناویـان نـا (تاهیـر)، کـە بـوو بـە تاکـە مایـەی بایـەخ پێدانیـان، کـە نەرێنیانـە کاری کـردە سـەر دەروونی سـیامەند، وای لێکـرد هەسـت بـە خەمۆکییەکـی ترسـناک بـکات؛ بەتایبەتیـش کـە منـداڵانی گوندەکـەی کەوتنـە گاڵتەکـردن پێـی و بـەو داماوە وەسـفیان دەکـرد کـە مامـی و براکـەی مـافی میرایەتیی باوکیـان لـێ زەوت کـردووە. سیامەند درکـی بـە لەدەسـتچوونی مـافی خـۆی کـرد کاتێـک بیـری لـەو هەمـوو بـاخ و بەروبوومـە کـردەوە کـە مامـە سـتەمکارەکەی لێـی زەوت کردبـوو و هەمـووشی بـۆ (تاهیـر) تەرخـان کردبـوو، بێئـەوەی تەنانـەت بیـر لـە پۆشـاکەکانیشی بکاتـەوە، کـە وای لێکـرد داوای جلوبەرگـی نـوێ لـە پـوورە خەدیجـەی بـکات، ئەویـش زۆر بەزەیـی پێـدا هاتـەوەو داوای لـە مێردەکـەی کـرد پۆشـاکی بـۆ بکرێـت. هەرکـە شـەریف گوێـی لـە داواکـەی سیامەند بـوو زۆر تـووڕە بـوو و زۆر دڵڕەقانـە لێیـدا، ڕۆژانـە ناچاریکـرد خـواردنی بۆبەرێتـە کێڵگەکـەی. بـەڵام حـەزو خۆشەویسـتی زۆری بـۆ یارەکـەی وای لێکـرد جارێکیـان لـە بەجێهێنانـی فەرمـانی مامـی دوابکەوێـت، لەسـەر ئـەوە شـەریف بەتونـدی لێیـدا. لـەو کاتـەدا دڵـی سیامەند ئاگـری لـێ دەبـۆوە و، بڕیاریـدا تۆڵـە لـە سـتەمکارەکەی بکاتـەوە، ڕۆیشـت بـۆ لای پـوورە خەدیجـەی، داوای لێکـرد مانـگا شـیردەرەکەیان سـەربڕێت، لەسـەر داوای مامـی وبـۆ ئـەو میوانانـەی لێیبنێـت کـە ئێـوارە لەگەڵیـدا دێنـەوە. ئەمـەش لـە

فێڵێـک بـەولاوە هیچـی تـر نەبـوو تـا سیامەند بەهۆیـەوە بـە ئامانجـی خـۆی بـگات. خەدیجـە زۆر شـڵەژا، بـە پەلـە چـوو بـۆ لای فـەلاح و داوای یارمـەتی لێکـرد، چەنـد چرکەیـەک تێنەپەڕیبـوو کـە مانـگا سـەربڕدرا و خرایـە مەنجەڵـەوە بـۆ کـولان. (ابـن الأدغـال، ٢٠١٩: ١٢٣)

شـەریف لـە مـاڵ دەرچـوو زۆر تـووڕە بـوو کاتێـک زانی سـیامەند چـی کـردووە، کەوتـە هاوارکـردن و گـەڕان بەدوایـدا لـە هەمـوو ماڵـە دراوسـێکاندا بـەڵام بێهـودە بـوو، گەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوەو تووڕەییەکـەی خـۆی لـە خەدیجـەدا بەتاڵکـردەوە. بـەڵام دوای ئـەوە پەشـیمان بـووەوە کاتێـک زانی ئـەم کارەی سیامەند هەمـووی لـە پێنـاو تێکدانی نێـوان خـۆی و هاوسـەرەکەی بـووە. ئیـتر بەڵێنـی بـە ژنەکەیـدا سـەختترین تۆڵـە لـە سـیامەند بکاتـەوە.

کـە شـەو داهـات، سـیامەند چـوو بـۆ کێڵگـە و لەسـەر جێگاکـەی مامـی نوسـت، تـا ڕۆژ بـووەوەو هـەر سـەوزە و میوەیەکـی ویسـت چنیـەوە و، خسـتیە نـاو فەرشـەکە و بـە پەلـە ڕوویکـردە ئـەو چیایـەی بەسـەر گوندەکـەدا دەیـڕوانی. شـەریف و هاوسـەرەکەی بەدرێژایـی ئـەو شـەوە خـەو نەچـووە چاویـان، هـەر چاوەڕێـی هاتنی سیامەند بـوون. کـە بەیانیـش هـات و سـیامەند هـەر نەگەڕایـەوە مـاڵ، شـەریف بڕیـاری لەبیرکـردنی بابەتەکەیـدا و وەک هەمیشـە ڕۆیشـت بـۆ کێڵگـە، بـەڵام لـەوێ بینـی سیامەند کێڵگەکـەی خـراپ کـردووە و ڕاخەرەکـەی بـردووە، خێـرا بـەرەو کێڵگـەکانی دراوسـێی چـوو، بێسـوود بەدوایـدا وێڵبـوو. کەوتـە هەڵزنـان بـە چیادا تـا نیـوەڕۆ و پاشـان بـە ڕێگـەی خۆیـدا گەڕایـەوە.

لـە کاتێکـدا کـە سیامەند بەردەوامبـوو لـە سـەرکەوتن بەسـەر چیاکانـدا، تـا ئەشـکەوتێکی بچکۆلـەی دۆزییـەوە، بارەکـەی تێـدا داگـرت، کەوتـە ڕوانیـن لەدەشـتی گوندەکـەی تـا مامـی و ماڵەکـەی بینـی زۆر شـادمان بـوو، لەبـەر ئـەوەی دەیتـوانی لـەوێ چاودێـری بـکات بێئـەوەی کـەس پێـی بزانێـت. کـە شـەویش داهـات و شـەریف گەڕایـەوە ماڵـەوە، سیامەند ڕۆیشـت بـۆ کێڵگـەو ڕایەخەکـەی پڕکـرد لـە هەمـوو جـۆرە خواردنێکـی خـۆش، دواتـر گەڕایـەوە ئەشـکەوتەکەی بـۆ خـواردنی ژەمـی ئێـوارە، پاشـان لەسـەر ڕایەخەکـە ڕاکشـا تـا بنوێـت. بـەڵام لـە ترسـاندا نەیتـوانی، هەتـا نزیکـی بەرەبەیـان کـە دەمـارەکانی سـڕببوون، ئیـتر کەوتـە خەوێکـی قووڵـەوە. (ابـن الأدغـال، ٢٠١٩: ١٢٥)

چیرۆکـی خـەج و سـیامەند تراژیدییـە، کارەکتەرانێکـی گرنگـی تێدایـە کـە پێـوەرەکان هەڵدەگێڕنـەوەو ڕەوتی ڕوداوەکان دەگـۆڕن، وەک: میـر، میـرزا، میر....دەیانەوێـت هاوسـەرگیری لەگـەڵ خەجـێ دا بکـەن بـە زوڵـم و سـتەم، پیلانیـش دژی سیامەند بگێـڕن بەکوشـتن و زینـدانی و سـزادان. (میـسری، ٢٠١٢: ١٤)

توێـژەر بـاوەڕی وایـە کـە خۆشەویسـتی لـە چیرۆکـی سـیامەندا تێکـەڵ بـە سیاسـەت بـووە، دەسـەڵات دێتـە نـاوەوەو شـانۆکە بـۆ بەرژەوەنـدی ئارەزووپەرسـتانەی خـۆی دەگۆڕێـت، گـوێ لـەو شـاند کەسـایەتیانەش ڕاناگرێـت کـە دەیانەوێـت کێشـەکە چـارە بکـەن.

## ئەنجام

دەقـی شـانۆیی بـە یەکەمیـن ئایدیـای گوزارشـتکردنی مـرۆڤ هەژمـار دەکرێـت.

زۆرینـەی شـانۆ کوردییـەکان لـە مێـژووی کـۆن و نوێـدا لەسـەر سیاسـەت بەنـدن.

کەسـەی میتۆلۆژیـا و کەلەپـوری کـوردی بخوێنێتـەوە، دەبینێـت هەمـووی لەسـەر ئایدیـای ڕەخنەگرتـن و شـۆڕش و بەگەڕخسـتن وەسـتاوە، هەمیشـە لایەنێـک هەیـە شـۆڕش بەسـەر لایەنەکـەی دیکـەدا دەکات.

زۆرێـک لەدەقـە شـانۆییە کوردییـەکان بونیادێکـی هزرییـان هەیـە، زۆربەشـیان خـاوەنی مۆرکێکـی سیایسـین.

شـانۆ لەسـەردەمی دامەزراندنیـەوە لای گریـک لەسـەر دوو کۆڵەکـەی سـەرەکی بەنـد بـووە، یەکەمیـان سـیاسی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنگەرانە بـووە کـە ویسـتویانە لەپشـتیەوە کۆمەڵگـە هۆشـیار بکەنـەوە، کۆڵەکـەی دووەمیشـیان کۆڵەکەیەکـی خۆشـنودی ئیسـتاتیکیە.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: پەرتوکە کوردیەکان

میرزا، کاوە أحمد، (١٩٩١)، شانۆی کوردی، سلێمانی لە دامەزراندنیەوە تـا ڕاپەڕینـی ١٩٩١، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی، ١٩٩١.

میسری، فوئاد مەجید، (٢٠١٢)، خەج و سیامەند، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

دووەم: پەرتووکە عەرەبییەکان

ابن الأدغال، سيامند، (٢٠١٩)، محمد سعيد رمضان البوطي، دار الفكر دمشق.

ابن منظور(٢٠٠٢م)، (لسان العرب, ط٢.القاهرة: دار الحديث.

إدوارد، الخراط، (٢٠٠٣)، فجر المسرح، دراسات في نشأة المسرح، القاهرة، دار البستاني للنشر والتوزيع.

إدوارد، گرانپول، (١٩٥٧)، تاريخ أدبيات ايران، ت: رشيد جاسمى، ج ٤، تهران: مرواريد.

أديان، نيا، (٢٠١٨)، نقولا فياض، مؤسسة هنداوى، ط٢، المملكة المتحدة.

باقر، طه، (٢٠٠٦)، ملحمة كلكامش، دار الوراق لنشر، بيروت.

باورز، فوبيون، (بدون تاريخ)، المسرح في الشرق دراسة في الرقص والمسرح في آسيا، دار الكتاب لنشر، القاهرة.

البوطي، محمد سعيد رمضان، (١٩٨٢)، ممو زين أحمد خانى، دار الفكر، دمشق.

توشار، جان، (١٩٨٣)، تاريخ الفكر السياسي، ت: على مقلد، ط٢، الدار العالمية لطباعة والنشر، بيروت.

الثمين، الدر، (٢٠٠٦)، في شرح مم وزين، جان دوست، مطبعة حاجي هاشم، اربيل.

الخليل، د. دكتور أحمد محمود، (٢٠١١)، مملكة ميديا، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، أربيل.

الدسوقي، عمر، (١٩٥٤)، المسرحية نشأتها وتاريخها وأصولها، دار الفكر العربي، القاهرة.

الدسوقي، عمر، (١٩٧٠)، المسرحية نشأتها وتاريخها واصولها، مطبعة الرسالة، دار الفكر العربي.

ديورانت، ول ديورانت وأريل، (١٩٧٥)، قصة الحضارة، ت: د.زكي نجيب محمود، بيروت.

الربيعي، علي محمد هادي، (٢٠١٣)، محمد مهدي البصير رائد المسرح التحريضي في العراق، (القاهرة: دار النشر للجامعات.

الربيعي، علي محمد هادي، (٢٠١٧)، المسرح المسيحي في العراق، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

الياس، ماري، واخرون، (١٩٩٧)، المعجم المسرحي، بيروت، لبنان: مكتبة لبنان ناشرون.

رشدي، رشاد، (١٩٧٥)، نظرية الدراما من أرسطو الى الآن ط٢، بيروت، دارالعودة.

سخيلوس، (١٩٩٦)، تراجيديات اسخيلوس، ت: وتعليق د. عبدالرحمن بدوي، عمان، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، اردن.

سوفقليس، بدوى، تراجيديات، أوديب ملكا، ت: د. عبدالرحمن، (١٩٩٦)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، القاهرة.

سوفوكليس، (١٩٨١)، من الأدب التمثيلي اليوناني، ت: طه حسين، دار العلم للملايين، بيروت.

شكسبير، (٢٠١٢)، يوليوس قيصر، ت: محمد السباغي، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، مصر.

شكسبير، ويليام، (١٩٩٤)، يوليوس قيصر، ت: حسين أحمد أمين، دار الشروق القاهره.

عاصي، ميشال، (١٩٧٠)، الفن والأدب، مؤسسة نوفل، ط٢، بيروت، لبنان.

عبدالحي، صلاح السيد، (٢٠٠٨) مجلة مركز الدراسات البردية والنقوش - جامعة عين شمس، قاهرة، عدد ٢٥.

عرسان، علي عقلة، (١٩٨٧)، سياسة في المسرح، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

العشري، أحمد، (١٩٨٩). مقدمة في نظرية المسرح السياسي، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

غمبار، الدكتور كمال، (٢٠١٤)، أحمد سالار رائدا ومؤسسا للمسرح الاحتفالي الكوردي المعاصر، مطبعة روزهلات، اربيل.

فاضل، عبدالحق، (١٩٧٢)، ملحمة جلجامش.

فاضل، عبدالواحد على، (١٩٨٥)، حضارة العراق ج١ (الأعياد والاحتفالات) مطبعة اخلاص، بغداد.

فهمي، كمال، (٢٠١٧)، الفلسفة المسرح، الدالر البيضاء، أفريقيا الشرق.

كاستري، ماسيمو، (١٩٨٣)، نحو مسرح سياسي، ت: حسين محمود، ايطاليا: تورينو.

كامل، حسين محمد، ( ١٩٦١ )، من الأدب المسرحي العصور القديمة والوسطى.

محمد، علي عبدالمعطي، (١٩٨١) الفكر السياسي، أسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

محمود، عبدالخالق، (بدون تاريخ النشر)، اخناتون، دار الجامعة للطبع والنشر، القاهرة.

سێیەم: پەرتووکە بیانییەکان

Cf., H. D. F. Kitto, The Greeks, Penguin Books Press; Great Britain, 1st. ed., (1951), The last ed. (1962), p.185

R. C. Jebb, Greek Literature, Digitized for Microsoft

Corporation, by the Internet Archive in 2007. From University of Toronto, p. 80 ,73.

چوارەم: سەرچاوە ئەلیكترۆنیەكان

أحمد زاويتى / /2005/2/19/cultureandart/news/net.aljazeera.www

المسرح الكردي وقصة البحث عن الذات.

https://:/ru.mywordworld/ar٢- موقع فكري وثقافي، ملخص

إسخيلوس الفرس. قراءة «الفرس» على الإنترنت

٣- قراءة في الملحمة-الكوردية ممي-آلان، حيدر عمر، رابطة الكتاب

السوريين، https://:/net.syrianwa.www/ ١٧/٠٦/٢٠٢١

٤- مسرح الصين https://stringfixer.com/ar/Chinese_theatre

٥- الوثائقية: المسرح العراقي.. فن الحضارات القديمة١٧ مارس٢٠٢٠

https://:/net.aljazeera.doc/ الجزيرة

پێنجەم: گۆڤار و رۆژنامەكان

الحركة المسرحية في إيران، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية ص٣١ – العدد ١ ٢٠٠٩

أبو عسلي، برهان، (٢٠١٤)، أوديب ملكا لسوفوكليس قراءة جديدة، مجلة جامعة دمشق، دمشق، العدد ١+ ٢.

موسى، فاطمة، (١٩٦٦)، الوحدة الفنية في مسرح شكسبير، القاهرة، مجلة المسرح المصري، ع: ٢٨.

شەشەم: چاوپێكەوتنەكان

چاوپێكەوتنی تایبەتی توێژەر لەگەڵ د. علي الربيعي پسپۆری شانۆی عێراقی و كوردی، لە هەولێر ڕۆژی ٨ی تشرینی یەكەم ٢٠٢٢

## ملخص

"البعد السياسي والفكري في النص المسرح الكوردي»، عنوان رسالتي للماجستير وهو بحث في نصوص المسرح السياسي والفكري الكوردي. منذ بداياته وحتى عرض وأداء المسرح مباشرة كجسر لإيصال الرسالة السياسية والفكرية للشعب الكوردي. بعبارة أخرى، لقد غُصتُ في تاريخ النصوص المسرحية الكوردية في البعدين السياسي والفكري. إلى أي درجة خدم المسرح السياسة والفكر السياسي الكوردي؟ وكيف دعم المسرح الثورة الكوردستانية وأنشطتها في تعابيرها العلنية والسرية. يمكن القول أنه من وجهة نظر الواقع الكوردي، كان النص المسرح نوعا راقيا ومميزا من انواع الادب لمقاومة حركة تحرير كوردستان. كذلك كان أحد الأدوات الرئيسية للدفاع والحفاظ على هوية الأمة وتاريخها وثقافتها، وله دورٌ فاعلٌ سياسياً وفكرياً واجتماعياً.

في ضوء عنوان البحث، تثار تساؤلات، وأهمها، إلى أي مدى استطاعت النصوص المسرحية أن تلعب دورها في إيقاظ الشعور القومي لدى الكورد، في ظل القمع المحدق بهذا الشعب من قبل الأنظمة المهيمنة على العراق؟

وبقدر ما تم فهمه أثناء الدراسة في هذا المجال، فإن معظم نصوص المسرح الكوردي تناولت إشارات سياسية أثرت في خيال الجمهور وأحاسيسه واهتمامه وأفكاره. أوجدوا روح المقاومة في النصوص الأدبية والإرادة العالية والشجاعة، في النصوص الأدبية، حيث غالباً ما يستخدمون القصائد الشعرية والحكايات والقصص الشفوية والأقوال والأمثال والملاحم التاريخية في إطار مسرحي بتقنية بلاغية عالية، في إطار معبر وواقعي، وقد تم تقديم هذه الأشكال بطريقة غير مباشرة وخلقت لدى المتلقي الكوردي واقعاً آخراً وأثرت في مواقفه المستقبلية من قضيته.

أدب المقاومة في سياق النصوص المسرحية أعطى الجمهور الكوردي أساس الفكر الكوردي من جهة، ومن جهة أخرى، حاول محو آثار ثقافة ولغة وخطاب الأمة المهيمنة والنظام القمعي ومنح حب الوطن للجمهور وحافظ عليه من الزوال.

كاستهلال في هذا البحث، بدأنا بسرد تاريخ النصوص السياسية والفكرية في المسرح العالمي، وسلطنا الضوء على المسرحيين المشهورين في هذا المجال، ثم قدمنا وعلى مراحل متفرقة المسرح السياسي الكوردي.

كوردستان، التي كانت ساحة للحروب والمقاومة والثورات وساحة تسوية للعديد من الحروب الصعبة، كان المسرح كذلك وليداً ولغة لهذا الواقع.

مرّ الكورد بمراحل عديدة من القمع في التاريخ، الأمر الذي جعل أن يكون أدب المقاومة طاغياً على العديد من المؤلفات الشعرية والإذاعية والقصص والنصوص المسرحية.

الكلمات المفتاحية: البعد السياسي، البعد الفكري، النص، المسرح الكوردي

# Abstract

The thesis of my Master's, entitled "Political and ideological dimensions of the Kurdish drama", examines the texts of political and ideological Kurdish plays, from the emergence of the Kurdish drama to plays that have acted as a bridge to convey the political and ideological messages of the Kurdish people. In other words, I have delved into the history of Kurdish drama texts in both their political and ideological dimensions to discover how theatre has served Kurdish politics and political thought, and how it has implicitly or explicitly supported the Kurdish liberation movement and the political struggle for freedom.

It has to be said that from the Kurdish point of view, drama has been a major and important literary genre in all different stages of Kurdistan's liberation movement. Drama, as a literary tool of resistance, as well as one of the main and effective tools of defence and preservation of national identity, history and culture, has played an active role in political, ideological and social arenas. In light of the title of the research, the questions arise as to how and to what extent Kurdish drama has been able to play a political and ideological role as theatre of resistance and defender of national survival, to raise awareness in the Kurdish audiences and encourage them to stand against the oppression of the dominant national group in Iraq?

As far as it was understood during the study, the majority of Kurdish plays contained political references and influenced the imagination, feelings and thoughts of the audiences. They created a spirit of resistance, revolution, and steadfastness. In highly artistic and aesthetic levels, the plays spoke to all Kurdish audiences, whether in the armed struggle in the mountains or political activists in the cities. Often times, the plays rendered poems, folktales, stories, proverbs, and historical narratives dramatically using the techniques of festive theatre, giving them a more beautiful guise and expressionist style, thus creating a different reality in the hearts and minds of the Kurdish individual .

Resistance literature in the context of dramatic literature, on the one hand, awakened national consciousness among the Kurdish audiences and on the other hand, tried to erase the effects of the cultural, linguistic and discursive onslaught by the dominant nation and the repressive political system of the time, and in so doing, kept the Kurdish national dream alive .

This study begins with a history of political plays and examines the works of famous playwrights in this field. It then proceeds to present and categorise political Kurdish plays in different stages. Theatre has risen from and has been the expression of the reality of life in Kurdistan which has historically been the land of war, resistance, revolution and the battleground of many difficult wars. The Kurds have gone through many stages of oppression in their history, a fact that has greatly influenced their literature of resistance and led them to write many books of poetry, prose, stories and dramatic texts on this subject.


Keywords: political dimension, intellectual dimension, text, Kurdish theatre